


# چیرۆکەڵە

حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛نها.

**ژمارە ١٠ ـ ٢٤ی ڕەشەمە ٢٧١٧**

**چیرۆکنووسانی ئەم ژمارەیە:**

فەرهاد سالْحی‌فەر
هێمن ئەمینی
سۆران خزری
لەیلا خاکی
بیژەن ڕەحمانی
موحسین سوبحانی
ناسر فەتحی
شەرمین سالْحی
سەدەف فرووغی
دابان عەتار
ڕەزا فرووغی

**تیۆری:**

مریەم قازی

**چیرۆکی میوان:**

هێمن عەبدوڵڵاپوور
شانازجەوانشیر
ئارام سەمین

**بەتامی چیرۆک:**

لاپەڕە ٤٩...

**ئامادەکاران:**

ئەمیر سیراجەدین
ناسر فەتحی

RAWEZHISM

# چیرۆکەڵە

**حەفتەنامەیەکی ئەلیکترۆنی تایبەت بە چیرۆکی کارگەییە؛ نها-**

- تیۆری
- بەتامی چیرۆک
- چیرۆکی میوان


- ئامادەکاران:

ئەمیر سیراجەدین

ناسر فەتحی



٢٤ی ڕەشەمە ٢٧١٧

**ئامادەکردن و بڵاوکردنەوەی؛ لاپەڕەی هونەری و ئەدەبی ڕاوێژیسم**

**«داڵغە»**

دەی خۆ شێتی شاخ و گوێی نیە! بەم زستاتە سەقەتە بە کراسێکی بێ قۆڵ لە لێوارِی ئەم چۆمە دانیشتووی.

هههه!

ئەوە لە پەنجا دەرسەدەیش زیاترە ئەڵکۆڵەکەی تەواوی لەشم گڕگرتوویەتی...

"دوگمەت داخە دوگمەت داخە دوگمەکەت کەس نەیبینێ خاڵی نیوان.."

بەڵام ڕێک وەک ئەو دەچوو! تەنانەت ڕێگا ڕۆیشتنیشی..

"مسافرین محترمی کە قصد ادامە مسیر بە سمت خط ٢دارن لطفا از قطار پیادە شدە.."

...

" بەس ئەو قووزەڵقورتەی وەخۆ...

پەنجەرەکەش پێوەدە زستانە زستان ئەو ماڵە سارد دەبێتەوە.."

'کەریم' عەشیرەت نەماوی! هەر دەبێ من زەنگ لێدەم؟

ئەستەمبوڵ بوو ڕاستە نەچووم بەڵام خوودی خۆی بوو دەزانی بۆنی شارەزووری لێدەهات!

"دەستم لە گەردنی خۆت هەڵمەگرە ئەی حەبییە"...

"نالی" قەد ئاوا قیت و قۆز نەدیتبوو دەستی لە دەستی "حەبیبە"دا

"چیە هههە دیسان خەریکی خواردنەوەی؟ خەبەری ڕەسووت نیە فەرهاد؟"

لاپەڕەی ٢٢٤بوو سینوهە کە لەگەڵ کاپتا چوونەکافەی کلکی تیمساح لە پڕ ڕا "تفرنفرنفر"ی بیر هاتەوە..

" بابە ئەمشەویش نەقڵی جووچکە مراویەکەت بۆ نەگێڕامەوە "

شەو خۆش ئمم ماچ...

...

ئەوانەی لە بەر باران دا بە تەنیا پیاسە دەکەن زۆر جار لەتێکیان جێدەمێنیت لەگەڵ هەر بارانێکدا لەتەکەیان دەبیننەوە... بە خۆشی خۆم کە هیچ کات خۆش نیم!

هەبوو نەبوو جووچکە مراویەکی زەرد بوو کە بە تەنیا دەژیا لە قەراغ چۆمێکی گەورە...

"بابە چۆمی گەورە یانی دەریا"

نا کچم یانی...

شەو خۆش گوڵی بابەی..

" آقا لطفا کادو کنید."

فەرهاد ساڵحیفەر

## «دەعوەتنامە»

هاوڕێی بەڕێز ................ جەنابت لە ڕێگەی ئەم دەعوەتنامەیەوە بانگهێشت کراوی بۆ ڕێوڕەسمی خۆکوژیم لە ڕێکەوتی ...../ ...../..... لە ساڵڕۆژی لەدایکبوونم دا. هەروەک ئاماژەم پێکرد، من بەتەمام خۆم بکووژم! ئیتر ناتوانم لەوە زیاتر لەخۆم قەبووڵ بکەم. لەوسەری دنیاوە منی ڕاکێشاوە بۆ ئێرە و داوای مافی پەنابەریی پێ کردووم، کەچی لێم بووەتە گونی قۆڕ. ئەمە بەجێی خۆی، زۆر بەهێز بووە؛ دەستووبرد نەکەم، ئیتر پێشیم پێ ناگیرێ! جار بووە لەدوای سەیرکردنی دیکۆمێنتاریی کوشت و کوشتاری هاونیشتمانییانم، بردوومی ناچاریکردووم دەسپەڕ بکەم! ئاخر بڵێ نامرۆڤایەتیی وا چۆن دەبێ؟! دەڵێم یان وازم لێ بێنە! یان ئەوەتا لەگەڵم بگەڕێوە؛ کەچی پێم پێدەکەنێ، گاڵتەم پێ دەکات!

من خۆم باش دەناسم، نەیکووژم، دەمکووژێ!

واژۆ: ...............

**ناسر فەتحی**



📷 عەلی ڕەزەویان

**«...»**

"بۆ چی منت ناوێ؟
بۆ چی منت ناوێ!؟ ئەی هاوار..."

تەپووکوتی خەیاڵی تۆم!
بۆ چی منت ناوێ!؟

لە کونجێ بە دیار ڕووناکی شار دانیشتووی
خۆت گلۆڵە کردووە کە چی؟
کوێرە برینت وەبیردێنەوە!

بە شێتم دەزانی؟
زۆر قسەت پێ سرکاندنم. ئێستاش کۆڵ نادەی؟

خەتام چیە؟
زل گاشە بەردت داوەتە پاڵ ڕێگام، ناهێڵی وەسەر کەوم!
نەکا نەهامەت و چەوسانەوەی ئەو زەویە بخەیە سەر شانی من؟

چ ها جار ماشێنی سەر تاشینت هێناوە و تیتکێکت بۆ نەهێشتووم؟ یان چەند وەبەر مشتوومڕت داوم؟ یان وەبەر چەقۆی نەبیستننت داوم تا نەمبینن؟ ئەمما من دۆینێ دێم سبەش هاتم! وەک هەموو جار هەر دەگەڕێمەوە!

بۆ خۆت چاک دەزانی ئاسان نیە! ئاسان نیە زیندووبوونم! وەرە زوو بە ژیانم بۆ بێنە تا لە قووڵایی نەمان ڕۆ نەچووم.

هەستە هەستە!خۆت مەخافڵێنە!

کاتێک دەدوێم قوماران بە قژەلوول دراوەکەت مەکە بەس جغاران بە با کە خنکام! دەستیشت دە لووتت مەنێ! نازانم بۆ هەدا نادەی دە بهەندرێ ماڵئاوەدان!

لە نێو ئەو هەموو هەرا و وریایە، ڕێگام بە خەیاڵت دا هاتووە، چا چەن پڕژووبڵاوم! پریسکە پریسکی وشەکانم دەبینی؟

خۆت گێژ کردووە!؟ لە گەڵ تۆمە چیرۆکنووس!

**لەیلا خاکی**

**(١)**

**«...»**

لە ژوورێکی تاریکی بزمارڕێژ کراودا، هەرکات بەحاڵ دەنگی تەقەیەک ببیسترایە لەبەرخۆیەوە دەیگوت: بڵێی ئەوڕۆ کێ بهێننە ژوورێ؟"


**(٢)**

**«ئادەم»**

لەو کاتەدا کە خوا ئادەمی درووست کرد، سەیرێکی کرد و وتی: **"فَتبارَک اللّٰهُ اَحسنُ الخالقین".**

ماومەتەوە گەر تۆی یەکەم کەس درووست بکردایێ چی دەوت؟!

**هێمن ئەمینی**



📷 سۆران ئەحمەدنژاد

## «ئەو پیاوەی ببوو بە ئاسن..!»

ئەم بینا گەورە مێردەکەم دروستی کردووە ، ئەو بینایەی کە شوێنی پێشووی کارەکەی ئێوەش بوو ئەویش هەر ئەو دروستی کردوە، زۆر بینای گەورەی تریش لەم شارە ئەو وەستایەکی لێهاتوویە..

بە زەردەخەندەیەکەوە چاوم لە بینا گەورەکە بڕیبوو " بە ڕاستی شاکارێکی سەر سووڕ هێنەرە "

لەو کاتەیدا دەیویست بە ئیشارەی قامکی بینایەکی دیکەم پێ نیشاندا لایەکی جەستەشی بە جەستەمدا خشاو و منیش وەک ئەوەی هیچ نەبووبێ خۆم گێل کردوو و بۆ شوێنی پەنجەی ئاماژەی ڕووانیم" بێ گومان ئەمەشیان تایبەتە 'بڕاوۆ' زۆر بەختەوەری کە مێردێکی ئاوات کردوە"

چاوەکانی بچووک کردنەوە و بە دڵتنگەیەکی ئاشکرا لەناو تۆنی تەنگیدا " بەڵام چ فایدە وەک لە گەڵ پەیکەرێکی ئاسندا بژی من چ لەم بینا گەورانە بکەم بە حەز و تاسەوە بچیە ناو جێگا و بەڵام وەکوو ئەوەی لە تەنیشت کەوڵەکۆنێکی سڕبوو ڕاکشێی!"

ویستم خۆم لە پەنجەرەکە دوور کەمەوە هەڵبەت لایەکی جەستەی دەتگوت بە جەستەمەوە دورواوە " ژیانە ئیدی هەمیشە ئەوجۆرەی کە حەز دەکەی وادەرناچێ" تا نزیک میزەکەم دوور کەوتمەوە و هێشتا گەرمایی جەستەی بەلایەکی لەشمەوە مابوو ، لکی لەچکەکەی وا لە ملی توند کردبوو کە من هەستم دەکرد ڕێگەی هەناسەی دەگرێ ، ویستم بچمەوە پشت مێزەکەم و خەریکی پاشماوەی کارەکەم بم دیتم بە نیگای لە نوکی پێ تا تەوقی سەرم خەریکە بزمار ڕیژ دەکا! زۆر هەوڵمدا خۆم کۆکەمەوە ئێستاش نەمزانی بۆچی هەمیشە دوگمەی خوارێی ڕووپوشەکەی کراوەیە بەڵام لەچکەکەی تەنانەت سانتێکیش لانەدەچوو..

لەناو شارێکی پڕ لە ئاسنەواڵە و سیمان و لە ناو بۆنی دووکەڵ و هات و هووڕی ئەم مرۆڤە ئاسنیانەدا ، بەبێ ئەوەی هەست پێبکەی دەبیتە پەیکەرێکی بێ ڕووح و تام لە هیچ شتێکی ژیان ناکەی.

لە ژێر دووشی حەمامەکەدا تەزیبووم بە تایبەت پێستی سەرم ، هەستم دەکرد ساڵهایە ئاوا نەتەزیووم! مرۆڤ زۆر جار پێویستی بە تەزین هەیە بە سڕبوونێک کە وەبیرت دێنیتەوە لە ژێر پێستتدا کۆمەڵێک بوونەوەری پڕ لە هەست و ئیحساس بوونیان هەیە ..

ئەوەی کە لە ژوورێکی بیست میتریدا لە گەڵ سێ ژن هاوکار بی و ئەوەندە لە ناو ئامێرە ئاسنەواڵیەکاندا تێکەڵ بی کە بیرت بچێتەوە لەگەڵ ژن هاوکاری یا پیاو ، بێ گومان ئازارت دەدا بەڵام دوای تەزینێکی دوور و درێژ وەک مارێکی سڕ بوو کە لەناو مێرگێکدا ڕاکشاوە هەرکامیان بێن و باسی قووژبنێکی ژیانی ڕۆژانەیانت بۆ بکەن لەوانەیە وەک خواردنەوەی قاوەیەکی گەرم یانیش وەک پیکێک ویسکی ئیسکاتلەندی لە ڕۆژێکی ساردی بەفرانباردا بێ..

درۆ نیە ئەگەر بڵێم حەزمدەکرد بۆ هەتا هەتایە لەگەڵ سێ ژندا بژیابام بەڵام ئەوەندە پێچراو لە توێی ئاسندا بووین کە دواتر من بوومە یەکێک لەو ئامێرە ئاسنانە و ئیتر بیرم نایە دواجار کەی هەستم بە تەزینی پێستی سەرم کرد!

ببوومە ئامێرێکی ئاسنی پڕ لە دوگمە و چرای ڕەنگاوڕەنگ و هەر ڕۆژەی کەسێک دەستی بە دوگمەکانمدا دێنا و من تەنیا بە شەقەشەقی بەشە ئاسنیەکانی جەستەم بیرم دەکەوتەوە کە هەم ، ئێستا ئەگەر کاغەزێکم لە پێشدانێن و داوام لێبکەن ڕوخساری ئەو سێ ژنە بکێشمەوە لەوانەیە تەنیا سێ پارچە ئاسنی ژەنگ گرتوو بکیشمەوە و هیچی تر نا..!

شار تا دێت قەربالغتر دەبێ و ئاسنەکان تا دێ بەرزتر و بەرزتر بۆنی ژەنگی گرتووە ئەم جیهانە ئاسنیە..

فەرهاد ساڵحیفەر

## «پیاسە»

هەنگاوەکانم دەربەندەکەم کردبوو بە دوو بەش. هەر دوو پێم لەسەر یەک ژێیان دەدا و بە یەک ڕیتم دەڕۆیشتن. بەڵام چاوەکانم، یەکیان لەو خێڵەسوارە دەیڕوانی کە لەو پێدەشتەدا قامچی ڕەشەبایەکی سلێمانییان هەڵگرتبوو و لە پێشەنگەوە شێخ مەحموود دەستێکی لەسەر دڵ و بە دەستێکی تری هەوساری بای ڕادەتەکاند بەرەو کەرکووک. چاوەکەی تریشم دەکەوتە سەر ئەو شۆستەیە کە تازە بە کەمەری چیای ئەوبەری دەربەندەکەدا لێدرابوو و بە پێچەوانەی ئاراستەی سوارەکان، بارهەڵگرەکان نەوتیان پێ دەگەیاندە سەر سنوور. هەنگاوەکانم هاوئاهەنگ بە یەک ئاراستەدا بوون، بەڵام گوێیەکم لە هاژە و گیڤەی ڕەشەبای پێدەشتەکە بوو و ئەوی دیم لە لای هاڕەی بارهەڵگر و شڵەقەی نەوت. پێیەکانم لەسەر هەمان نەزم بوون. دەتگوت هەنگاوەکانی من دیوارێکی کۆنکرێتین لە نێوانی ئەم بەر و ئەو بەری دەربەندەکەدا. نە ڕمەی سواران دەگەیشتە شۆستە و نە هاڕەی بارهەڵگرەکان دەگەیشتە پێدەشتەکەی ئەوبەر. نە ئەوە بوو تۆزی سمی ئەسپەکان بگاتە جادەکە، وە نە بۆنی نەوتی ڕەش دەیدا لە کەپۆی سواران. تەنیایی من تەنیا بینەری ئەم ڕووداوانە بوو...

هەراوهۆریای سوارەکان بەرزتر دەبێتەوە. گۆیا لە دوژمن نێزیک بوونەوە. ئێستا خێراتر هەنگاو هەڵدەگرم. ڕەوەی بارهەڵگرەکانیش ئێستا خێراتر لێدەخوڕن. چەندین تەقەی لەسەر یک لە دەربەندەکەدا دەنگ دەداتەوە. خێراتر دەبم. لەمسەرەوە جەنگ دەستپێدەکا. لەوبەرەوە بارهەڵگرەکان بەلەزتر دەبن.لەم بەرەوە لافاوی خوێن هەڵدەنیشێ و لەوبەرەوە بە لووزەوە نەوت ئاودیو دەبێ. چاوێکم لە قڕانگە بڕیوە و چاوێکم لە قڕانکەر.

خێراتر دەبم. خێراتر و خێراتر دەبم. هەر دوو چاوم دەنووقێنم و هەر دوو دەستم دەخەمە سەر گوێم و هەڵدێم....

**موحسین سوبحانی**



## «٨ی مارس»

لە ژێر لەتە قاقەزەکانی سەر مێزەکەی، لە بەین کتێبەکانیدا، لە نێو ڕۆژنامە کات بەسەرچووەکاندا، لە نێو چەپکەگوڵە نێرگزەکەی دمەو بەهار لە ژوورەکەیدا و لە ژێر بەرگی تەڕی سەرینەکەیدا، بە دوایدا دەگەڕا. ئێمە دوو کەس بووین؛ وشەکانمان، لێومان، زەردەخەنەکانمان، تەنانەت بێدەنگییەکانیشمان پۆشتە نەبوو و هەناسەکانمان بۆنی ڕووتی لێدەهات. لە ژێر دەسەڵاتی خۆیدا نەبوو، بە دەستی لەرزۆک و جەستەی ڕووشاو و نینۆکی شکاو بە پلیکانەکاندا سەردەکەوت. دەنگی هۆڕنەی ماشێنەکان لە سەرمدا گێژی دەخوارد. باڵەکانم کردەوە و چەند جارێ لە سەر باڵەخانەکە هەڵسووڕام تا تەواو گێژ بووم؛ ئەوسا لە لێوارەکەیدا وێسام.

تەواوی شار لە ژێر باڵەکانیدا ون ببوو؛ مەرگ پێدەکەنی و بەرەو ڕووی خۆی پەلکێشی دەکرد. پەتی سووتییەنێکی ڕەش لە گەڵ مەرگا ببوو بە گرێ پووچکە و بۆی نەدەکرایەوە. دەیگوت: کاتی ئەوە هاتووە دەست پێ بکەین؛ ئەوەندە بفڕین تا باڵەخانەکان لە چاومان ون دەبێت و شار دەبێت بە خاڵی سفر... حەوتانە، جارێ یا دوو جار یان سێ...یاکوو تەواوی حەوتوو دەمرد. لە لێوارەکەدا وێسابوو و چاوەڕێی خوێندنەوە ناوەکان بوو. بێدەنگییەکی تەواو هۆڵی چاوەڕێکردنەکەی داگرتبوو، ناوەکانیان دوو بە دوو دەخوێندەوە، دوو کەسیش لە ژووەوە بوون؛ ئەو لە من دەچوو، کچەکە دەڵێم! لە ڕووبەڕووما دانیشتبوو و هەردوو مڕ ببووینەوە لە یەک. ڕۆژلێوێکی تۆخی شەرابی، قژێکی خاوی دەقاق کێشراو بە سەر شانمدا شۆڕ ببووەوە.

هەردوو چاومان خستبووە سەر کاتژمێرە دارینە کۆنەکەی سەر دیوارەکە؛ ناوی ئێمەیان دەخوێندەوە یان ناوی ئەوان؟ هێشتا دوو کەس لە ژوورەوە بوون. چاوی لە سەر خرخاڵەکانم بوو و دەمی دەجووڵایەوە، تمەز خرخاڵەکانی دەژماردم، بزەیەک گرتی و چاوم بەرز کردەوە. دەستیان لە نێو دەستی یەکا بوو، سەیرم کرد دەستم ڕووشاوە و نینۆکم شکاوە و خوێنی لێدەچۆڕێ. ناویان خوێندینەوە؛ هەردوو لە سەر نیمکەتەکان هەڵسواینەوە، ناوەکان یەک ناو بوون خۆیشمان وەکوو یەک بووین. بەڵام ئەوانەی پاڵدەستمان یەکێ نەبوون. گرێبەستێکی هەمیشەییان پێ واژۆ کردین. نەماندەناسین تەنیا جێ نینۆکەکانیان بەسەر لەشمانەوە مابووەوە. ئەوەی بە دوایدا دەگرا خۆی بوو، کاتێ دەفتەرەکەی واژۆ دەکرد، لەتە قاقەزەکانی سەر مێزەکەی با"بردی و کتێبەکانی هەڵفڕین. چەپکە گوڵە نێرگزەکەیشی هەڵوری؛ خۆیشی وەک دووکەڵێک بە هەوادا چوو...

**شەرمین ساڵحی**

**«ئاڵا»**

منداڵدانی بە کرێ دابوو. چەند ساڵ لەوە پێش کاتێک مێردەکەی لە شەڕ نەهاتەوە; یەک دوو جار ئەویش بۆ وەرگرتنی چەند تراوێلێک شەوێ بۆ خەو نەهاتەوە لای منداڵەکانی.

شەوێ پێش ئەوەی لەگەڵ کابرا لە جێگادا بخەوێ; وێنەی ئاڵایەکی بە دیوارەوە دیت.

لەسەر مێزەکە ئاڵایەکی بچووک داندرابوو; ئێستا نێونووسی مێردەکەی تەواو نەبوو. تەنگاو بوو; ئاوی ئەو گەڕەکەی ئیدارەی نیزامی لێ بوو; ویشکی کردبوو. مێردەکەی بە ڕەشبگیر گیرابوو. ئاڵای سەر مێزەکەی هەڵگرت و بە پڕتاو خۆی بە ئاودەست دا کرد. بە ئاڵاکە گیانی ویشک کردەوە.

لە ژووری نووستن کە هاتە دەرێ; جارێکی دی چاوی بە وێنەی ئاڵاکە کەوت. چاوی قووچاند و تفێکی لێکرد. تاریک و ڕوونی بەیانی کابرا بە ماشێنەکەی بردییەوە بۆ لای منداڵەکانی.

پێش ئەوەی منداڵدانی بەو ژن و پیاوە بە کرێ بدا; تەنیا دوو جار لە گەڵ ئەو پیاوە خەوتبوو. ئەوکات ئێستا وای لێ نەهاتبوو شەوانە بە دیازپام خەوی لێبکەوێ!

بیری نەخۆشیی ئێم ئێسی کوڕەکەی هەموو شەوێ بەشێکی گەورەبوو لە شەوانی تەنیایی ئەو.

ئاڵا بە ماکیاژێکی تۆخ و شەش دانگەوە لە هۆدەی وی ئای پیی هۆتێلێکی حەوت ئەستێرە لاقی لەسەر لاقی دانابوو و چاوڕوانی وەزیری دەرەوە بوو. چاوی لە تابلۆیەکی شێوەکاریی شەڕ دەکرد. وێنەی سەربازێکی نێو تابلۆ چەشنی خەونێک کە دیبێتی چوارقوڕنەی مێشکی داگرت.

سەربازەکە دوای سەرکەوتن لە شەڕگەدا; ویستی سەری دوایین سەنگەر بدا و چەک و چۆڵیان داگیر بکا; کە چی ...

دوای چەن مانگ و چەن ڕۆژ, شەرتی منداڵدانی پەڕی; ناوی منداڵەکەیان نا; ئاڵا!

بیژەن ڕەحمانی



📷 دانیال ئەنوەری

## «تاعات و عیبادات»

لای نیوەڕۆ بوو؛ گیانم زۆر دێشا هەستام چووم بۆ لای هاوڕێیەک تا دەرزیەک لەخۆم بدەم. کە کارەکانم کرد وتم؛ سەرێک بۆ لای هاوڕێیانی مناڵیشم بچم. محەممەد؛ هاوڕێیەکی مسڵمانمە، زۆریش توندە لەسەر ڕێبازەکەی و، بە ڕاستی کەسێکی خۆشەویستە لام.

دەرگای دوکانەکەم کردەوە

ـ یاڵڵا کاک محەممەد گیان چۆنی؟ برایی دینی لێن ناپرسی، چیدەکەی خەریک چیی؟

بە لێوەکی بەخەندەوە

ـ یاڵڵا کاک عەبدوڵڵای کۆن، کاک سۆرانی نوێی، چۆنی باشی؟ وەڵڵا وا خەریکی دوکان و، عیبادەت بۆ پەروەردگاری خۆمم

ـ کام پەروەردگار ؟

ـ ئەو خوایەی کە هەموومان دەیپەرەستین و، نوێژ و ڕۆژووی بۆ دەگرین، تۆ بۆ نوێژەکانت ناکەی کاکی برا؟

ـ های من لەمێژە لامداوە ئەو خوایەت ناناسم، کاتێک کە خۆشەویسترین ڕەفیقی ژیانمی لێ ستاندم ئیتر دڵم بەچی خۆش بێت؟

ـ حەسەنی دەڵێی؟

ـ بەڵێ

ـ ئەو ڕێگای خۆی هەڵبژارد و پیاو بوو چوو بۆ جیهاد و شەهید بوو بە اذن الله!

ـ هەه بۆ مەگەر لێرە نەیدەتوانی بۆ خواکەی خەبات بکات؟

ـ ئەوە جیهادە جیهاد، جیاوازە، خوای پەروەردگار دەڵێ؛ کاتێک برای مسڵمانت دەکووژڕێ دەبێ بچی بۆ جیهاد!

ـ کام جیهاد محەممەد؟

تۆ جیرانەکەت برسیەتی چکارت بە سووریە داوە، کاتێک دەزانی لێی دەرناچی ئەمریکا لە لایەک، ئێران لە لایەک، تۆ پێم بڵێ کێ ساخ دەرئەچێ لەوێ ؟

ـ خوا لێی خۆش بێت ڕێگەکەی زۆر پیرۆزە

ـ دەی لەوانە گەڕێ لەگەڵ نوێژان چۆنی؟

ـ محەممەد گیان، من سەرەتا مرۆڤایەتی و، دواتر بیر و دین هەڵدەبژێرم، من کوێرانە خوای منداڵیم ناوێت؛ کاتێک لە ناخی دڵمەوە پێی نەگەم بۆچیمە؟

ـ باشە بۆ وات لێهات، لە بیرتە پێش نوێژیت ئەکرد، مامۆستای ئێمە بووی لە قۆتابخانە!

بۆ نوێژی هێواران ئێمەت دەبردە مزگەوت یەک نوێژیشت نەدەچواند تەنانەت بەیانیانیش

ـ های دەست لەسەر برینانم دامەنێ، یادی بەخێر برپیا هەر مناڵ بام ...

ـ لە بیرتە لەسەر نیمکەتەکانی قۆتابخانە نوێژمان دەکرد، باشە بۆ وات لێهات بۆ وا گۆڕاوی؟

بێ وڵام مابووم ، تەنیا سەیری دەموو چاویم دەکرد، دەموو چاوێکی نوورانی، قسە خۆش و لێزان لە بواری ئایینی، هەر وا مابووم و قسەی بۆ ئەکردم لە بواری دین و ناسینی خوا

ـ کاتی گەڕانەوەت نییە؟ وەرە بۆ یەک جار بە بە دڵ تۆبەی بکەی و بگەڕێیوە بۆ سەر ڕێبازی مناڵیت...

-بە ئاهێکی ساردەوە وتم :

هەموو شتێک بەستەرێکی پێویستە، هەم بنەماڵە هەم کۆمەڵگە کە من هیچیانم نییە! بە چیی خوا دڵخۆش بم؟ کاتێک دەبینم وڵامێکی بۆ زاڵمانی دنیا نییە، کاتێک مێشکم قفڵی مەودای تەبەقاتییە، کاتێک بە دیتنی کێشەی خەڵک دەڕوخێم، نابوود ئەبم، چۆن دەتوانم لەگەڵ ئەم خوایەت دڵخۆش بم؟

بێ وڵام تاوێک سەیری کردم

ـ خوا گەورەیە، بە عیبادەت کردن بۆ خوا دڵخۆش ئەبی کاتێک سەرت دەخەیە سر بەڕماڵەکە و نوێژی بۆ ئەکەی و دەدرت ئەڵێ تەنیا خۆتی لە بەرامبەر پەروەردگارت 《تۆزێک بیرەوەری منالێم هاتنەوە بەرچاو》 کە بەدوای وان دا ووتی :

-ها سیگاریش دەکێشی بەسە مەکێشە، ئەو سەرەتانەی دەموو چاوت ڕەش ڕەش بوونە تەرکی کە ...

ـ دەکێشم، چون کەسێکی وانەبوو بڵێ مەکێشە، دەکێشم چۆن نەکێشم؛ بڵاو ئەبم تاقەتی دیتنی ئەو هەموو زڵم و زۆرداریيەم نییە ...

ـ دڵنیا بە خوا وڵامی زاڵمان دەداتەوە لەکاتی خۆی دا !

ـ هیوادارم ئەوها بێت، بەڵام بێگومان ئەودەم مردوین، هەمومان کاتێک کە دەمرین یەکسان ئەبین...

بە قاڵبێکی ناساخ و دڵێکی پڕ لە بیروەری منالی و ئاه و حەسرەت سەرم داخست و بۆ لای ماڵەوە بەرێ کەوتم.

تاعات و عیبادات؛

چەن خۆش دەبوو ئەم خوایە عیداڵەتەکەی لانیکەم بە کوردستان نیشان دابایە!

سۆران خزری

## «فیشاڵ»

ئەم سێ نەفەرە کە بانگم کردن وەرنە سەرەوەی کەلاس.

_ببورن پرسیارێکم هەبوو.

_کوڕە حەمە بۆ خاتری خولای پرسیاری چی هێشتا هیچم نەگوتوە.

_نە مامۆستا ئەمەوێ شتێکی دیکە پرسم سەبارەت بە دەرسی نیە!

_نەخێر ڕاوەستە تا کۆتایی دەرزەکە .

_ئاخر مامۆستا...


_ئاخر و ئۆخری ناوێ کوڕی سەلمان، مێشکی سەرت بردم، بێدەنگ بە ئیدی.

مامۆستا دەستی کرد بە گێڕانەوەی ئاواتی مێژوو، لە پێنجەمین ڕۆژی ساڵی سێسەدی کۆچی چی قەوما؟

دوو گەمژە پێکەوە وەڵام دەدەنەوە: کوڕی چوارەمی ئیمامی شازدە لە دایک دەبێ؛ مامۆستا بە سەر سوڕمانەوە وردیان دەبێتەوە و پێیان دەڵێ بارەکەڵا...دوایی ڕوو دەکاتە من و پێم دەڵێ چا کە حەمە، بڕێک لێیان فێر بە، ئەرێ تۆ چیت لەمانە کەمترە؟ بۆ ئاوا لاسار و نارێکی؟؟ ئاخ کە چەن پێم خۆشە زەق زەق تەماشای ئەو چاوە هەڵتۆقاوانەی کەم و پێی بڵێم ئاخر بە تۆ چی کوڕی فەتاحی گا دز ، تۆ و کتێبەکانت دایم پێیان خۆش بوە درۆمان دەگەڵ کەن، ئاواتی مێژوو؟ ئاوااتی قەبری پەیغەمبەری سێهەم؟ ئاواتی چی و چی و چی و چی... تێتان میزم بۆ خۆتان و دام و دەزگاتان، قوڕ بە سەری ئەوە وا گوێ دەداتە فشەکانی تۆی سەگباب بەڵام...

_گیانا مامۆستا! بەخودا دوێنێشەو هەموو ئەمانەم خوێندنەوە کەچی ئەو پرسیارەم نەدۆزیەوە و نازانم لە کوێیە ببورن.

سەدەف فرووغی



يووسف عباسی‌تاهير (هێژا)

## «چرکەی تاسان!»

گێڕانەوەی یەکەم:

### چرکێنەری خەیاڵ!

دیمەنەکە سەرنجی ڕاکێشام. من ناوم لێ نا چرکاندنی خەیاڵ. گوێم لێبوو ئەوانەی بەو ناوەدا تێدەپەڕین سەری خۆیان ڕادەوەشاند و دەیانگوت: ئاااای فەرە شێت! یەکی دیکە لەو لاوە دەوەستا و قاقا یەکی دەکرد، دەیگوت: ئا تخوا فەرەگیان وێنەیەکم بگرە. فەرەش بە ڕشدیەکی زۆرەوە پەنجەکانی بڵاودەکردنەوە، هەردوو دەستی بۆ یەک دەهێنایەوە و چاوی لەو کونە نزیک دەکردەوە، کە لە نێوان پەنجەکانی دروست ببوو، هاواری دەکرد: چرک! زۆر جوان دەرچووە! لەژێر لێوەوە چەند قسەیەکی دەبۆڵاند: داستانی عیشقی شیرینێک ئەوا هاتۆتە پێش...

خاتوون خاتوون وێنەیەکی زۆر جوانم گرتووی! وێنەی جوانی چی! کامێراکەم شەرمەزاربووە لە ئاست جوانیت، ژنەکەش لچکی عەبایەکەی بە لالێویەوە دەگرێ، ئا ئەوەتا خەندەیەکی کردو، تێپەڕی.

کاکە تۆ سەیری ئەو وێنەیە بکە بزانە نایناسی؟ ئەها ئەوە شیرینە، شیرینەکەم! بە پەنجەی دۆشاومژەی لەسەر ناو لەپی دەستی ئاماژەی بە شتێک دەدا. ئەها ئەو کچەی لەسەر پشت ڕاکشاوە و چاوەکانی بۆ ئاسمان مۆلەق بوون. ئەها ببینە ئەوە نیشانەی ئەوەیە خەیاڵ بردویەتەوە و بیر لە من دەکاتەوە! بەڵێ بەڵێ ئەو هەمیشە منی لەبیر بووە هەروەکو چۆن من ئەوم لە بیربووە.

هاهاها دەی دایە قاقای پێکەنین. ئیستێکی دەکرد، هەندێک دەوەستا ئاماژەی بۆ سەر دیوارێک دەکرد هەندێک لە دیوارەکە ڕادەما لە پڕمەی گریانی دەدا، هاواری دەکرد: نا نابێ! ئەو مردووە! نەخێر ئەوە ڕاست نییە. ئاگام لێبوو چەند کەسێک بە سەر ڕاوەشاندن بە لایدا تێ دەپەڕین. گەنجێکی شیکپۆش، کە کامیرایەکی کۆنی بە ملی داکردبوو لە پشتی وەستابوو، دەستێکی لە سەر شانی دانا.

زۆر بەنەرمی وەک ئەوەی ترسی شکانی شتێکی هەبێ گوتی: فەرهاد گیان. فەرە بە خێراییەکی زۆر ئاوڕێکی دایەوە. کاتێک کەوتنە بەرانبەر یەکتری هەردووکیان ئەبڵەق بوون و چەند خولەکێک لە چاوەکانی یەکتری ڕامان. دواتر ئەوەی کامێرا کۆنەکەی لە مل بوو کامێراکەی بەرزکردەوە تا ئاستی شانەکانی، بینیم ئەو فرمێسکانەی لە چاوەکانی فەرە قەتیس مابوون بە خوڕ ڕێچکەیان بەست بۆ خوارەوە. ئەرێ من بۆ چی هاتبوومە ئەم شارە؟ ئەها من بانگێشتی کۆڕێکی شیعر خوێندنەوە کرابووم، کە بۆ ڕۆحی کچێکی وێنەگر پێشکەش کرابوو، تێیدا وا دانرابوو کۆمەڵێک شاعیر شیعر بخوێننەوە. پێشانگایەکی فۆتۆگرافیش بەڕێوە دەچوو. ئەرێ ئەو کچە کێ بوو؟ ئایا پێشتر دەمناسی؟ ماوەیەک پێشتر لە میدیا وتۆڕە کۆمەڵایەتیەکان هەواڵی کۆچی دوایی ئەو کچە بڵاوکرابووەوە، من ئەوکات ئەو کەسەم ناسی. دڵنیام زۆری تریش ئەر ئەوکات ناویان بیستوە. هەروەکو پێشتر ئاگاداربووم لەو ژینگەیەی منی تێیدابووم ڕێک وێنای ئەو پەندە بۆ چەندان ساڵ دووبارە دەبووەوە، ئەو پەندەی دەڵێ: ئێمە زیندو کوژی مردوو پەرستین. کاتێک بڕیارم دا داوای خوێندنەوەی ئەم چیرۆکەم لە هەڵسوڕێنەرانی کۆڕەکە بکەم، ترسی ئەوەم هەبوو کاتێک دەگەمە ئەم دێرانە لە خوێندنەوەی چیرۆکەکەم نزیکەکانی کۆچکرد و توڕەببن و وا هەست بکەن دەمەوێ بە هێنانەوەی ئەم پەندە لە بایەخی کۆڕەکە کەم بکەمەوە، بە تایبەتیش بەوەی، کە دامنابوو لەسەرەتای چیرۆکەکە بڵێم:( پێشکەشە بە پەراوێز خراوەکان، پێشکەشە بە زیندووەکان) بەڵێ هەرچەندە ترسم لەو هەڵە تێگەیشتنە هەبوو، بەڵام بڕیارم دابوو هەر چۆنێک بێ دەستکاری ئەم دێرانە نەکەم ، چونکە ئەوە شەڕی من بوو لە پێناو ئەو ساتانەی، کە کۆچکردوو زیندوو بوو، چاوەڕوانی زیاتری لە ژینگەکەی هەبوو، کەچی نەیبینی تا نەمرد! قسەی هاوڕێیەکم بە بیرهاتەوە کە دەیگوت: ئەگەر دەتەوێ گرنگیت پێ بدەن، بمرە. بەڵێ دوای ئەوەی ئەو ڕووداوەم خوێندەوە زیاتر لە ڕاستی ئەو قسەیە ئاگادار بوومەوە، هەر بۆ هەمان مەبەستیش هاتبوومە ئێرە تا بزانم چەندە بایەخ بە کۆچکردوو دراوە. دڵنیام دوای خوێندنەوەی ئەم دێرە کۆمەڵێک سەر دەلەقێنن و هاوڕامن، بەڵام دوای دەرچوون لە کۆڕەکە هەمان خەمساردیان هەیە بۆ زیندووەکانی دوروبەریان. لەوکاتەی زیندوو بوو پێویستیی بەو گرنگیدانە بوو تا پڕۆژەکانی بگەیەنێتە ئەنجام. ئێستا کاتێک پڕۆژەکانی لەبەر خەمساردیەکانی ئێمەوە تەواونەکراو ماڵاوایی کرد، چ سوود؟

با لە هێڵەکانی گێڕانەوەم لانەدەم و بێمەوە سەر ئەوەی، هاتنم بۆ ئەم شارە دەرگای چیرۆکێکی دیکەی بەسەردا کردمەوە. چیرۆکی زیندوێکی ماڵوێران. زیندوێکی پەرایێزخراو. ئێوە دەتوانن بڵێن شێتێکی چرکێنەر. مۆبایلە هۆشمەندەکەمم داخەست، کە خەریکی نووسینی چیرۆکێک بووم تا هەوڵ بدەم ئەگەر دەرفەت بوو لەو کۆڕەدا بیخوێنمەوە. شتەکانم کۆ کردەوە و بەدوای چیرۆکی زیندوێکی پەراوێزخراودا چوومە دەرەوە.

## ٢- گێڕانەوەی دووەم

لە منداڵیەوە هاوڕێین، بگرە براین. برا؟ نا وابزانم بڵێم لە برا زیاتر گونجاوترە. هەر لە منداڵیەوە ئەوەی لەودا جیاوازبوو ئەوە بوو، لەگەرمەی تۆپانێ یان کەلایانێ یان هەلوکێن دیمەنێک سەرنجی ڕادەکێشا: بۆ نمونە چۆلەکەیەک لەسەر تەلێکی کارەبا.

گەردەلوولێک لە دوورەوە، پەلکە زێڕینە، بە شێوەیەک لەو دیمەنانە ڕادەما، ئەگەر گۆڵچی بایە لە دەنگی هاوارکردنی بەرانبەرەکانمان بە ئاگا دەهات کاتێک لە خۆشی گۆڵکردن خرۆشابوون. هەر ئەو هۆکارەش وای لێ کرد لە زۆربەی یاریەکان بدۆڕێ و لە یاریە بە کۆمەڵەکان پێکی نەکەن. ئەمەش وای لێ کرد زیاتر دوورە پەرێز بێت و خەریکی ڕامانەکانی خۆی بێت، بەڵام لەگەڵ مندا بابەتەکە بە شێوەیەکی دیکە بوو، ڕۆژ بەڕۆژ زیاتر هۆگری یەکتری دەبووین. با بە خێرایی چەند شتێک لە بارەی ڕابردوویەوە بگێڕمەوە. لە ساڵی هەشتا و چوار ناومان هاتەوە لە سەربازی، بەڵام ئەو بەهۆی زۆری ڕامانەکانیەوە و زۆری سەرپێچیەکانیەوە زۆر سزا دەدرا بە شێوەیەک وەڕس ببوو. بڕیاری دا داوای مۆڵەت بکات و دوای مۆڵەتەکەش نەیاتەوە. هەر مۆڵەتەکەیان دوا دەخست. تا بۆ بەرەکانی جەنگ گواستیانینەوە. دۆخی دەروونی فەرهاد ڕۆژبەڕۆژ بەرەو خراپی دەڕۆیشت. شەڕ و خوێن تەواو بڕستیان لێ بڕیبوو. ڕۆژ بە ڕۆژ کێشی کەمتر دەبووەوە و چاوەکانی بە قوڵدا دەچوون. تا دەهات کەمدووتر دەبوو. زۆر خەمم بەوە دەخوارد، بەڵام هیچم پێ نەدەکرا. ڕۆژێکیان دوای هێرش بردنمان و دەستگرتنمان بەسەر ناوچەکانی دوژمندا فەرهاد ڕایکێشامە پەنا دیوارێک و لە ناو کیفەکەیدا کامێرایەکی دەرهێنا لەوانەی وێنەی خێرا دەگرن. وێنەی پیرەپیاوێک لە دەمەکەی هاتبووە دەرەوە، چۆکەکانی دادابوو، هەردوو دەستی بە ڕیشە سپیەکەیەوە گرتبوو، لە دەشتەکەی پشتیەوە تا چاو بڕەکا لاشەی کوژراو بوو. هەستم کرد فەرهاد نوتقی گیرابوو. زۆری لە خۆی کرد تا پێی گوتم کە خۆی ئەو دیمەنەی بە چاوی خۆێ بینیوە. گوتی وێنەگرەکەش لە بەرانبەر پیرەپیاوەکەدا بە لادا هاتبوو. دوای ئەو ڕووداوە فەرهاد وەک شێتانی لێ هات، شەوان لە خەودا هاواری دەکرد و بەدەم خەوەوە دەڕۆیشت.

تا ئەوەی بەیانیەک لەخەو هەڵسام نەمبینیەوە. دوای دوو ساڵ زانیم، کە  لە سەربازی هەڵاتوە و چووەتەوە بۆ شارەکەمان. دوای ئەوەش لە خۆ شاردنەوە بێزاردەبێ دوایی دەچێتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە.دواتر بە هۆی چەند دۆست و ناسیاوێکمان زانیم لە پێشمەرگایەتیش هەڵاتوە، لەگەڵ قاچاخچیەک پێکهاتبوو لە سنوور پەڕیبووەوە، چووبووە دەرەوەی وڵات. دواتر کە منیش ڕامکردە دەرەوە ئەوم دۆزییەوە. ئەو ببووە وێنەگرێکی باش. دیاربوو  ئەو وێنانەی جەنگ، کە لە وڵاتی خۆمان گرتبووی لە سەر شەقامەکانی ئەو وڵاتە هەڵی واسیبوو، ئەوەش سەرنجی خەڵکەکەی ڕاکێشابوو، بەڵام ئەوەی دۆخی ئەوی گۆڕی کەسێکی ئەکادیمی ئەو ڕۆژە بەوێدا تێپەڕیبوو هەستی کردبوو چرکاندنی وێنەکان ئاسایی نەبوون، بەڵکو زۆر هونەری بوون، هەرچەندە ئەو بە هیچ شێوەیەک زانستیانە لە بارەی وێنەگریەوە نەیخوێندبوو، ئەوە تەنێ سەلیقەی خۆی بوو وای لێ کردبوو ئەو وێنانە بگرێ، بەڵام ئەوە لە بایەخی وێنەکانی کەم نەکردبووەوە، لە چاوی ئەو کەسەدا، بەڵکو هاوکاری کردبوو تا لەڕووی زانستیەوە لە بارەی چرکاندن شارەزابێ و بەپێی خولیای خۆی لە  کۆمپانیایەک کاری بۆ دۆزیبووەوە کە ببووە وێنەگری جەنگەڵەکان و تا ئەوکاتەی من چوومە ئەویێ لەکارەکەی خۆیدا زۆر سەرکەوتووبوو. چەندان وێنەی ناوازەی چرکاندبوو، کە  ببووە جێگای شانازی کۆمپانیاکە. کاتێک ئەو ڕۆژە لە کافێکە هاتە دەرەوە چاوی بە من کەوت،  تازە گەیشیبوومە ئەو شارە و نەمدەزانی چی بکەم. کیفێکی لە شان بوو هەمان کامیرای خێراکەی جارانی بە پەتێک لە ملی کردبوو. یەکسەر باوەشی پێدا کردم. چووینە نێو کافێیەکە. هۆکاری ڕاکردنەکەی خۆی لە نێو پێشمەرگە پێ گوتم. گوتی من لە جەنگ و خوێن ڕامکردبوو. نەمزانی هەر هۆکارێک بۆ ئەو شتانە  لەگەڵ دەروونی من دا ناگونجێ ،  خۆی گرمۆڵە دەکرد، تا زیاتر باسی ئەو شتانەی دەکرد زیاتر خۆی کورژدەکردەوە، گوتی دوای ئەو ڕووداوانە بڕیارم دا چیتر لەو خاکەدا نەمێنمەوە کە مرۆڤەکانی ڕێگا بە خۆیان دەدەن مرۆڤ بکوژن و سوکایەتی بە شکۆی مرۆڤ دەکەن. جا بە پاساوی دەستبەسەراگرتن بێ یا بەرگری هەر یەک ئەنجامە کە سوکایەتیە بە شکۆی مرۆڤ.

هەر ئەو ڕۆژە پێشنیازی کرد، ببمە یارمەتیدەری لە کارەکەی، دوای ماوەیەک لەگەڵی دەستبەکاربووم. توانا و سەلیقەیەکی زۆری هەبوو لەگەڵ کارەکەی. دەتوانم بڵێم بۆ ئەو کارە دروست کرابوو. بە کاتژمێر بگرە بەڕۆژ لە شوێنێک خۆی مەلاس دەدا و چاوەڕێ دەبوو تا ئەو چرکەیە بچرکێنێ، کە خۆی دەیەوێ. کارەکان زۆر باش دەچوونە پێش تا جارێکیان چەند مانگێک بوو بۆ یەکێ لە دوورگەکان چووبووین، بۆ ئەوەی وێنەی ژیانی ڕۆژانەی چەند گیاندارێک بگرین. کاتێک گەڕاینەوە پێیان ڕاگەیاندین، پێشانگایەکی وێنە کراوەتەوە تایبەتە شارەکەی ئێوە. ئێمەش جگە لەوەی ماوەیەکی زۆر بوو هەواڵی ئەوێمان نەزانیبوو زۆر عەوداڵی دیمەنەکانی شاربووین. مرۆڤ هەمیشە بە ڕابردویەوە پەیوەستە و

ڕابردوو هەمیشە پێوەند بووە بۆ بەستنەوەمان بە شارەکانەوە. ئەو ڕۆژە گەشیەکی لە ڕادەبەدەرم لە سیمای فەرهاد دا بینی. کاتێک گەیشتینە هۆڵەکە یەکم وێنە ئەو وێنەیەبوو، کە فەرهادی ویران کرد. کچێکی ماکسی شین لەسەر پشت ڕاکشابوو چاوەکانی بەرەو ئاسمان مۆلەق ببوون. لەچکێکی سپی گوڵ شینی لە سەری ئاڵابوو. دوو کەزی لەم لاو لای گوێی هاتبوونە دەرەوە. گۆزەیەکی شکاو لە سەکۆکەی پشتی کەوتبوو، پێدەچوو لەکاتی کارەساتەکە ئاوی هێنابێ بۆماڵەوە. کوختیەکی سپی لە سەر سینگی پەلەواژ ببوو. فەرهاد بەرانبەر وێنەکە تاسا. نزیکەی پازدەخولەک بەرانبەر وێنەکە وەستا و فرمێسکی دەڕشت. کامێرا کۆنەکەی لە ملی کردەوە، بە ڕاکردن بەرەو دەرەوە ڕۆیشت. دیاربوو لە کامێراکەی توڕەببوو. کامێراکەم هەڵگرتەوە. بەڵام فەرهادم نەدۆزیەوە تا ئەمڕۆ، کە بە هۆی مردنی کچێکی فۆتۆگڕافەرەوە هاتبوومەوە کوردستان تا بەشداری پێشانگای فۆتۆگڕافیەکە بکەم. بەڵام لەوە ناچێ ئیتر بچم بۆ پێشانگاکە، بەڵکو دەبێ ئاگام لە فەرهاد بێ. لێم پرسی: ئەی تۆ ژنە ماکسی شینەت دەناسی ئەوەی وێنەی گیرابوو. گوتی بەڵێ ئەو کچە شیرینی ئامۆزای فەرهاد بوو دیاربوو لەکاتی کیمیا بارانەکە بەو شێوەیە گیانی لەدەست دابوو.

دابان عەتار

**«خوێن»**

من نەرۆییشتبووم ڕاشکاوانە دەگەڵی بدوێم ،تەنیا و تەنیا دەمهەویست دوای ئەم پێکهاتە خۆێناوییە بە شاراوەیی ببینم ،دیتنێک ،تەنیا دیتنێک یانی خوێن ئاوایە ،ئاوا حووکمی زۆرە ،بە تەنانەت لە سرکە کۆنەکەی نەنکم و شەڕابە بە هێزەکەی ئاغای بیلالی دراوسێمان !بیلال چەند جاران دوای لێبڕانمان پێی کوتبووم دەردی نەدیتنی چەند گرانە و بە دەیان و سەدان چەتۆرەش فەرامۆش ناکرێ.

تازە زانیم بۆ داپیرەم کاتێک لێم پرسی : بێجگەلە بۆنی مەی بیلالی چی دیکەم پێ شک نایە لە سرکەکەت بە حووکمتر بێ؟!

بە نێوچان تاڵی وڵامی دامەوە : ئەستەغفیرەڵڵا ،بە هێنانی ناوی ئەو گوولەی حەرامت کرد و جێ بەجی کووپەکەی ئاوەژوو کردەوە بە سەیرەوە گوتم : بۆ ڕشتت ؟

ـ ڕۆڵەکەم هێستا خوێنت نەبزوتووە .

کاتێک لێک تۆراین لەسەر خۆشەویستی کەژاڵی خودالێ خۆشبوو، ئەوەندەم دڵ لێی شکابوو کە هاوارم کردێ :

تازە بە لەعنەتم کردی و تەواو لەعەنەت، وشەیەکی بە هێز ،بە هێزتر لە تەما یا کوو هەر باب و باپیری تەما بوو بۆم بەڵام دوای دیتنی تێگەییشتم واتاکەی زەلیلتر لە گیان گوتنێک.

نەی گوت: بمبوورە ،وەک هەمیشە کۆڵنەدەرو چەکمە ڕەق بوو ،تەنیا و تەنیا بە تروسکە ی چاوانی ،تەواوی بارستای باوشمی داگیر کرد ، دەمارەکانم کوڵ کوڵ کەوتنە پاڕانەوە و هەستم یەک بە خۆ بەسر بیرمی قیژاند و بۆنی سرکە وتامی شەراب تێکەڵ بوونەوە وخوێنم بزوت وبووڕکاندی*بە تەواوی ئەرکی مەغموونی لەگەورەییم باوەشم بۆ کردوە و لە سینگم دا هانام دا، هاواری کرد: بە قوربانت بم کاکە گیان

* بوورکان :اتشفشان .....

* بوورکاندی : اتشفشانی شد ، وشەی داتاشراوی نووسەر

ڕەزا فرووغی



📷 سورەیا عەلیپەناهی

**تێبینی:**
خوێنەرانی بەڕێز، ئەم چیرۆکانەی خوێندتانەوە بەرهەمی "کارگەی چیرۆکی بێسنوور" بوون ـ لە تێلێگڕامدا ـ کە زۆربەیان لە ماوەی چەن ڕۆژ و بۆ سووژەی حەفتانەی کارگە نووسراون. هەر کەمووکوڕییەکیان هەبێ، چ لە ڕووی زمان و داڕشتنەوە، چ لە ڕووی ناوەرکەوە، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئامادەکارانی ئەم حەفتەنامەیە بەپێویستییان نەزانیوە هەڵەبڕییان بۆ بکەن. چوونکە چیرۆکەکان کارگەیین و باش وایە قۆناخەکانی گەشەی ئەزموونگەرانەی نووسەران وەک ڕەوتێکی مێژوویی، بێ دەسکاریی بەرهەمەکانیان، وەک خۆی بمێنێتەوە. واتە کەمووکوڕییەکان پێوەندیی بە ئاستی هەنووکەیی نووسەرانەوە هەیە و لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا، بەرهەمە نوێیەکانی ئەو نووسەرە بەڕێزانە، بە بەراورد لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشوویان، دەکرێ دەرخەری کاریگەرییەکانی کارگەی چیرۆک بێ.

## کلێشەی یاساکانی خاڵبەندی و تایپ و مەرجە زمانەوانییەکانی بڵاوکردنەوەی چیرۆک لە چیرۆکەڵەدا:

١ ـ لە سەرسەرەوەی ئەو دەقەی دایدەنێن بنووسن کە ئەوە "چیرۆک" ـە، "کورتە چیرۆک" ـە، "کورتیلە چیرۆک"ـە یان چییە!
٢ ـ حەتمەن ناوی چیرۆکەکەتان بنووسن، نەشتان نووسی، دەتوانن هێمایەک شتێک لەبری ناوەکەی دابنێن.
٣ ـ حەتمەن هەڵەی تایپی کارەکانتان چارەسەر بکەن!

٤ ـ تا ئەو جێگایەی لە توانای خۆتان دایە ڕێزمان و ڕێنووسی کارەکانتان درووست بکەن.
٥ ـ لە خاڵبەندی (ئاداتی نیگارشی) هەڵە و بێ جێ، کەڵک وەرمەگرن، مەگەر ئەوەی پاساوێکی تکنیکیتان بۆ بەهەڵە بەکارهێنانی خاڵبەندییەکانتان هەبێ. بۆ نموونە: لە تێکستەکانتاندا لە سێ نوقتە زیاتر ....... هەڵەیە، بێ مانایە؛ مەگەر بە مەبەستی جێخاڵی (بۆشایی بۆپڕکردنەوە) بەکاری بێنن! دووخاڵبۆڕ (نوقتە کاما) یان سێ خاڵبوڕ، یان زیاتر، پێکەوە، هەڵەیە! وەک ئەمە: ؛؛؛؛؛! کۆتایی ڕستەکان پاڕاگڕافەکان نوقتەیان دەوێ! بۆڕ (کاما) لە زمانی کوردی دا زۆر گرنگە، چوونکە پێکهاتەی زمانی کوردی وایە، واتە شێوەڕستە (ڕستەی نیوەچڵ) ـی زۆرە و ئەگەر بە بوڕ و خاڵبۆڕ ڕستەکان لێک جیا نەکەینەوە بەدحاڵیبوون دێتەگۆڕێ. هێمای پرسیار(؟) بۆ ڕستەی سەرسوڕمانی، هەڵەیە. واتە هێماکانی پرسیار و سەرسووڕمان [!؟] لە جێی خۆیان بەکار بێنن، مەگەر ئەوەی ڕستەکە هاوکات هەم پرسیاری بێ، هەم سەرسوڕمانی. هێمای سەیر و سەمەرە و بێ مانای دیکە بێ هۆکار و بێ پاساو بەکار مەهێنن بۆ نموونە: ◌ٚ◌ٓ ◌ٓ ◌ٌٔ◌ٓ ◌ٓ,,,/ ستیکێر یان ئەنیمەیشێن بەکار مەهێنن.

٦ ـ کاتێک دیالۆگ بۆ چیرۆکەکانتان دەنووسن بە هێمای تەقەڵ (خەتی تیرە) و لە سەرەتای ڕستەدا دیالۆگەکە دەست پێ بکەن، بۆ نموونە:
ـ تکایە تێ بگەن، ئەوە زۆر گرنگە.
ئەم هێمایانە بۆ سەرەتای دیالۆگەکان هەڵەن: [+ : > = ⁕]
٧ ـ ئەگەر لە کاتی دیالۆگ نووسێ دا گوتم، گوتت، گوتی (وتم، وتت، وتی/ ئێژم، ئێژی، ئێژێ) ـیت نووسێ پێویست ناکات تەقەڵی بۆ دیاری بکەی. تەنیا بە گیوومەی سەرەتا و کۆتایی قەوارەی دیالۆگەکانتان دیاری بکەن. بۆ نموونە:
لەکاتی دیاریکردنی یاساکان پێم گوتن: "دیالۆگ ئاوا دەنووسرێ!"

ئاوا هەڵەیە:
گوتم:
ـ جوان سەرنج بدەن! (واتە هەم دوو نووقتەی سەریەک و، هەم بۆڕ، پێکەوە هەڵەیە)
ئاوا درووستە:
گوتم: "جوان سرنج بدەن!"
هەروەها تەقەڵەکانیش لە سەرەتای دیالۆگەکان جیابکەنەوە.
-ئاوا نا!
- ئاوا!
-- ئاواش هەڵەیە، دوو تەقەڵ (ـ ـ) بۆ سەرەتای دیالۆک درووست نییە. دەبێ یەک تەقەڵ بێ (ـ).
٨ ـ لەزمانی کوردیدا دوو بزوێن بەدوای یەکدا هەڵەیە. بۆ نموونە ئەم وشانە هەڵەن: کۆیڕا، کۆوا، کۆێ، کۆیم... ئاوا درووستن: [کویڕا، کوا، کوێ، کویم...]

٩ ـ ئاهـ یش ئاوا دەنووسرێ: ئاهـ نەک ئاوا: اە [ لە زمانی کوردیدا "ئا" ئاوا نانووسرێ: "ا". ئەوەش "ە" ئەیە، نەک هێ. هێ ئاوا دەنووسرێ "هـ"]

١٠ ـ ئەم (;) نوقتە کۆمایە (خاڵبورە) بۆ تەختەکلیلی ئینگلیسییە، نەک کوردی، زۆرکەس ڕەچاوی ناکات، لەکاتێکدا ئەم خاڵبەندییانە زۆر گرنگن و دەبێ زۆر گرنگیان پێ بدەن.
ـ ئەم بۆڕ و خاڵبۆڕانە هەڵەن: ; ,
ـ ئەمانە درووستن: ؛ ،

١١ ـ تکایە هێمای سەرسووڕمان و پرسیار و نوقتەکانیش (خاڵەکانیش) بە سەرەتای ڕستە نوێیەکانتانەوە مەنووسێنن. بۆ نموونە:
ـ من ڕۆیشم.تۆ هاتی (ئەوە هەڵەیە)
ـ من ڕۆیشتم. تۆ هاتی (ئەوە درووستە)
ـ من بڕۆم؟!تۆ لێرەبی؟! (ئەوەش هەڵەیە)
ـ من بڕۆم؟! تۆ لێرەب؟! (ئەمە درووستە)

١٢ ـ ئەم خاڵانە و کۆمەڵێک خاڵی دیکە، کە ئەگەر تەنیا سەعاتێک کاتیان بۆ تەرخان بکەن و لە ئینترنێتدا سێرچ بکەن، زۆر هەڵەی نووسین و ڕێزمان و ڕێنووستان چارەسەر دەبێ.
تێبینی: ئەو کەسەی ئەم تایبەتمەندییە گشتییانە ڕەچاو نەکات، لە چیرۆکەڵەدا چیرۆکی بۆ بڵاو ناکرێتەوە. ئەو خاڵانەش وا باس کران "سەلیقەیی و مەندەراوردی" نین بەڵکوو یاسای گشتین و وەک چۆن بۆ لێخوڕی ماشێن دەبێ یاساکانی لێخوڕین بزانین و ڕەچاویان بکەین، بۆ نووسینیش دەبێ ئەو یاسایانە بناسین و، بۆ ئاسان خوێندنەوەی دەق (لێخوڕینی دەق) لەلایەن خوێنەرەوە دەبێ ڕەچاویان بکەین. بەوهیوایەی نووسەرانی کوردیش وەک وڵاتان گرنگیی زیاتر بە ڕواڵەت و پرستیژی کارەکانی خۆیان بدەن!

# تیۆری

## سەرتر لە چیرۆک ( فەرا داستان) چیە؟

**و: مریەم قازی**

لە کۆتایی ساڵەکانی ١٩٦٠ بە پێی هێندێک تێبینی لە لایەن ویلیام گیس، " سەرتر لە چیرۆک " ئەو چیرۆکانە بوون کە لەسەر خۆیان دەدوان وانە شیکاری لەسەر ئیعتبار و بایەخی چیرۆک و هەر بە زۆوە هەموو ئەو چیرۆکانەی کە لەسەر گرفت و کێشەکانی نووسینەوە لە چیرۆکدا دەڕۆیشتن چوونە خانەی " سەرتر لە چیرۆک" لە ساڵی ١٩٧٠ خاوەن رایان تاریفێکی تریان لەسەر ئەو بەشە لە تێئۆری ئەدەبی هێنایە بەرباس و بەم جۆرە سەرتر لە چیرۆک بە ئەو چیرۆک و رۆمانانە دەگوتران کە لە ئەواندا لە خۆ بە ئاگایی تاک کەسی پڕواتایەک باس بکرێ کە سەبارەت بە خودی چیرۆکەکەشە. هەر بە هۆی ئەم مکانیزمەوە بە رەوتێکی جیاوازییان لە پۆست مودێڕن دانا. بەم پێیە سەرتر لە چیرۆک رێک لە نێوان هەرێمی چیرۆکی و رەخنە رادەوەستێ. کەوابوو ساختاری سەرتر لە چیرۆک زۆرتر شێوەی چیرۆک دەدا و لێکدانەوە و شرۆڤە و ئیستنادێکی کە لە ناخی ئەم چیرۆکانە بەرێوە دەچێ و خۆی دەباتە ژێر رەخنە ، ئەم بەرهەمانە هاوشێوەی رەخنە دەکەن. کەوابوو سەرتر لە چیرۆک پێویستی بە شوناسێکی تەواو چیرۆکی نیە و دەتوانێ لەنێو خۆێیدا خۆی بەرێتە ژێر ساباتی رەخنە و شرۆڤەوە. بەمجۆرە لە نێو ئەم چەشنە چیرۆکانەدا لە نێوان چیرۆک و رەخنەدا هاوشێوەیەک ساز دەکەن کە بکرێ لە باڵ یەکتردا قاڵ بکرێن و ببنەوە یەک بەڵام بە چۆنییەتێکی جیاواز لە پێشوو. بەمجۆرە زەمێرێکی پتەوی خۆبە ئاگا لە ئەم چەشنە چیرۆکانەدا پێکبێ.

کەوابوو ئەو رەخنانەی دەچێتە پاڵ چیرۆکەوە ژوورەکین و رادەی زانیاری و تێبینی خوێنەر دەباتە سەرێ. و دەگەڵ رەخنە داگرتن ، لایەنەکانی ئەدەبی چیرۆک سەرنجی پێدەدرێ و لە گرێژە دەرناچێ. لە راستیدا نووسەر حەول دەدا کە زمان و نەسرێکی کە بۆ چیرۆک کەڵکی لێوەرگرتووە بناسێنێ و بە بەژن و باڵای هەڵ بلێ تا رواڵەتێکی عاقڵانە و مەنتقی لە بگێڕەوەی چیرۆک و رەخنەگری چیرۆک پێکبێ. هەر ئەوەش دەبێتە هۆی ئەوە کە چیرۆک بە شێوەیەکی هەمەلایەنە بەرگری لێبکرێ، هێندێک دەڵێن ساختاری سەرتر لە چیرۆک لە ساختاری درام نزیکە، هێندێکی دیکەش دەڵێن ئەم وێچوونە پتەوەی سەرتر لە چیرۆک لەسەر سنووری هۆنەر و ژیان راوەستاوە. واتە لە لایەک راهۆنەرییە چۆنکە تایبەتمەندییەکانی هۆنەری چیرۆکنووسینی پێیە، لە لایەکی دیکەش را ئەم تایبەتمەندییەی هەیە کە لە ژیاندا بێتووبچێ و لێکدانەوەی بۆ بکا. تاقمێکی تریش هەن هەر بە سەرتر لە چیرۆک باوەڕیان نیە و دەڵێن بە هۆی رەچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی چیرۆک، ئەوبەشەش هەر تەواو  چیرۆکە و پێویستی بە ژانرێکی تایبەت نیە.

هەرچۆنێکە ئەم چەشنە چیرۆکانە توانا و ئێزنی ئەوەیان هەیە کە شرۆڤەی ئەو شتانە بکەن کە هۆکاری سەرەکی ساز بوونی چیرۆکن، هۆگری بەرچاوی هێندێک لە نووسەرانی سەرتر لە چیرۆک بە شرۆڤەی رووداوە مێژووییەکان و دارشتنەوەی سەر لە نۆییان لە چیرۆکدا، بۆتە هۆی ئەوە کە فایلێک بە نێوی " سەرترلە چیرۆکی مێژوویی " رەچاو بگیرێ.

لەو نێوە دا زماناسان  گرینگی دەدەن بە سەرتر لە چیرۆک بەم هۆیە کە زمان و رۆڵێکی کە زمان لەم چەشنە بەرهەمانەدا دەیگێڕێ گرینگ و دیاریکەری زۆریەک لە ئیدە و بۆچوونەکانی زماناسانەیە. هێندێک لە رەخنەگران بە دوای سەلماندنی بۆچوونەکانی بارت و سوسور لە نێو لایەکانی سەرتر لە چیرۆکن. "جان فاواز " دەڵێ کە چیرۆک پێویستە بۆخۆی دۆخی شیاو بۆ تەفسیر و لێکدانەوە پێک بێنێ. تام وولفی لەسەر ئەو باوەڕەیە کە رۆمان وەها وزەیەکی بە توانایە کە لە بەستێنی کۆمەڵگای رئالیستیدا لە گەڕدایە و دەتوانێ هەمووجیهان لە خۆیدا ئاشکرا کا و بەمجۆرە سەرتر لە چیرۆک دەتوانێ تەنانەت بە نیسبەت پێگەی نوسەری بەتوانا کە جاری وایە لە جێی خودا لە بەرهەمەکانی دا دادەنیشێ هەڵوێستی هەبێ و لەبەشی شیکاری لە چیرۆکەکەیدا بیخاتە بەرباس. ئەو شتەی گرینگە لەو نێودا بەشداری هێندێک کایەی وشەیی و پلانی  شاراوە لە بەرهەمدا دەبێتە هۆی ئەوە کە هەموو زانیارێک نەدرێ بە خوێنەر و هەبوونی ئەم عەناسور و توخمانە لە بەرهەمدا سەلماندنی بەشێک لە چیرۆک ئەستەم دەکا کە هەر ئەو بەشەیە کە رئالیستەکان شەرمەزاری دەکەن لە سەرتر لە چیرۆکدا سەرەڕای کەڵک وەرگرتنی نووسەر

لە زۆربەی عەناسوری چیرۆکی، زیاتر دوو عونسری " بابەت " و " دەروونمایە" بەرچاو دەکرێنەوە و لە هەمانکاتدا ئەم چیرۆکانە خاوەنی خاڵی هاوبەشی وەهم و خەیاڵن....

هەر چۆنێکە چەن خاڵی گرینگ لە ژانری سەرتر لە چیرۆکدا بەرچاوە:

- راستەقینە بە هۆی هێنانە بەرباسی هێندێک پلانی تێکەڵاو و پڕ هێما و سازکردنی موعەمما لە چیرۆکدا بۆ نیشاندانی چەن تویژی بوونی رووداوەکانی مێژوویی و رەمزاوی بوونی ژیان.... بەتەواوی ناسەلمێندرێ.

- مێژووی سەرتر لە چیرۆکەکان جێگای شرۆڤە و لێکدانەوەیە.

- زمان سیستمێکی قەراردادییە.

- نوسەر لە داڕشتنی چیرۆکەکەی دا هەم خاوەنی دەسەڵاتە هەم هیچ دەسەڵاتێکی نیە. واتە چەشنێک پاڕادۆکس لە شێوازی هەڵسووکەوتی نوسەردا دەبیندرێ.

- سەرنجی زیاتر لە رادەی پێویست بە عەناسورێکی کە لە چیرۆکدا هەن بۆ بەربەرەکانی دەگەڵ دنیای واقعی و شرۆڤەی رووداوەکانی راستەقینە و موتڵەق.

- رەخنەی چیرۆک و لێکدانەوەی عەناسوری چیرۆک هەر لەنێو چیرۆکدا.

- لێکدانەوە زمان نەسر و سەناعاتی کەڵک لێوەرگیراو لە چیرۆکدا.

- ساز کردنی وەهم و خەیاڵ.

- کەڵک وەرگرتنی لەرادەبەدەر لە سەنعەتی دژوازی و پارادۆکس.

شایانی باسە بۆ جێبەجێ کردنی ئەم پاڕادۆکسانە نوسەر لە وشەکان، لەحن، بۆچوون، کردەوە و ئاکاری دژ بە یەک و تەوساوی کەسایەتێ ناوداره‌کانی دژ بە یەکتر کەڵک وەردەگرێ. هێنانەوەی ئەم پارادۆکسانە جاری وایە بۆ بردنە ژێر پرسیاری بەرهەمی خۆی ساز دەبێ و جاری واشە بۆ بردنە ژێر پرسیاری هێندێک بابەتی تر و رووداوی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی ساز دەبێ.

هەر چۆنێکە نوسەرانی سەرتر لە چیرۆک حەولی ئەوەیانە کە شێوە باو و دابەکانی ئاسایی نووسین و گێڕانەوە تووشی ئاڵ و گۆڕ کەن و هیچ بەربەستێک بۆخۆیان قائیل نەبن و رەچاو نەگرن. و زۆرتریش لەسەر رووداوی باوەڕ پێنەکراو و دەسکرد خول دەخۆنەوە تا ئەم پرسیارە ساز کەن کە لە نێوان چیرۆک و رووداوەکاندا چ پەیوەندێک هەیە؟

کە وابوو سەر هەڵدانی سەرتر لە چیرۆک لە ساڵی ١٩٦٠ دەربڕینی دژایەتی بوو دەگەڵ دەقی ڕئال و مۆدێڕن کە بەسەر بنەمای هەڵوێستی تاک لەبەرابەر ڕووداوەکان دا تەکامول پەید دەکا. هەبوونی هێندێک پرسیار و شک و گومان و وەهم و... لە سەرتر لە چیرۆکدا بۆتە هۆی ئەوەکە هێندێک ئەم شێوازە دەگەڵ پۆست مودێڕن پێک بگرن. بەڵام ڕاستی ئەوەیە کە لە شێوازی سەرتر لە چیرۆکدا سەرەڕای نیسبی گەرایی، سەلماندنی جیهان و بوون لە بەرنامە دایە. ڕئالیستەکانی سوننەتی پێیان وابوو لە ژیاندا هێندێک ڕاستەقینەی موتڵەق هەیە کە دەکرێ بە ڕێگای فەننی بەیان بکرێتە ئاوێنەیەکی باڵانوێن لە بەرابەر جیهاندا و ئەوەیان بە ئەرکی هۆنەرمەند و نوسەر دەرانی کە بە بێ هیچ دەستێوەردانێک شرۆڤەی ڕاستییەکانی ژیان و دەوروبەریان بکەن. مۆدێڕنیستەکان ئەم بۆچوونەیان بە کەڵک وەرگرتن لە پلانی سەییالی زەینی و زەمیری نابەئاگای تاک کەسی بردە ژێر پرسیار و لە دوای ئەواندا پۆست مۆدێڕنیستەکانی وەکوو بارت و جاکوب دریدا و فۆکۆ و.... بە هێنانە بەرباسی مەباحیسی زماننناسی و ساختار شکێنی ئاماژەیان بە ئەوە دا کە مرۆڤ بۆ ناسینی باشتری جیهان پێویستە لە زانستی زماننناسی بەهرەمەند بێ. هەل و مەرجی نالەباری دوای شەڕەکان و کێشەکانی ئابووری و ئینسانی وایکرد پۆست مودێڕنەکان بۆ لای ناسەقامگیری و نەبوونی قەتعییەت لە ناسینی جیهان ڕاکێشێ و تەنانەت حاشایان لە پەیوەندی هۆنەر و واقعییەت کرد.

لیندا هۆتچیۆن لە نوسراوەیەکی خۆیدا لە ساڵی ١٩٨٨ ز سەبارەت بە پۆست مۆدێڕن نوسی کە سەرتر لە چیرۆک بە ئەو مکانیزمەی هەیەتی دەچێتە خانەی پۆست مۆدێڕنەوە. هەر چەند کە هەموو خاوەنڕایان بەسەر ئەو بۆچوونەدا کۆک نین. هۆگری مرۆڤ بۆ دابین کردنی موتڵەقی ئازادی بە زۆوە ئەم ڕەوتەی‌کردە ڕەوتێکی جیهانی.




**📷 ئەمین پادگانە**

# چیرۆکی میوان

## «ئەو لەچکە گوڵگوڵیەی وا...»

لەو سێ ساڵەی دواییدا دەیان لەچکە و شاڵ و کڵاوی بۆ کڕیبوو. هەموو جارێکیش چەند ساتێک سەیری دم و چاوی کردبوو و پاشان پێی کوتبوو

"ئەوەیانت لە هەموویان زیاتر لێ دێ."

دوابەدوای ئەوەش، چەند جارێک بەرەو پیاسەی شەقام، وەدەر کەوتبوون.

بەڵام ئەو جار کە دەرگای حەساری کردەوە، با، دەستبەجێ لەچکە تازەکەی لەگەڵ خۆی برد.

"قەیناکە دەی، با ئەو جار هیچت بەسەرەوە نەبێ!"

بۆ یەکەم جار لەو سێ ساڵەدا، پێستە سپیە بێقژەکەی سەری لەژێر تیشکی خۆردا دەدرەوشایەوە.

هێمن عەبدوڵڵاپوور



📷 عەلی ڕەزەویان

## «حەڵاڵ، حەڕام»

دەنگ و باسی ئەو دووچەرخەیەی تەنیشت دووکانەکەی وەستا کاووسی باپیرەم هی ئێستا نییە. بەڵام وەک شتێک تازە بەخۆ کەوتووین هەواڵەکەی لێرەولەوێ بڵاو دەکەینەوە بەشکم کەسێ لەلایەکەوە دەرکەوێ بێ بیباتەوەو لەکۆڵمانی کاتەوە. باسێکی تر هەیە گەر ئوقرە بگرن و ئارامتان هەبێت ئەوە وردەوردە بۆتانی دەگێڕمەوە. لەوانەیە دوای تەواو بوونی قسەکانم ئێوەش پاڵپشتیم بکەن و مافم دەنێ. بەڵام دڵنیام بابم زیندوو بایە و وەستا کاووسی باپیرەشم بەخێوکەرم نەبوایە منیش ئێستا بەم شێوەیە لێتان نەدەپاڕامەوە هەتا گوێم بۆ شلکەن و یارمەتیم بدەن حەتمەن لەجێی ئەم دووکانە ڕەش و ڕووتە کەوا خەریکە بەم کەوش و پێڵاوە کۆنە بۆگەنانەیەوە کاسم دەکات لەجێگایەکی دووهەزارجار جیاوازو خۆشتر لێرە دەبووم و بەکەیفی خۆم دەژیام. لەوانەشە دەرسەکەم تەواو کردایە و ئێستا ژن و منالم بوایە. دەزانم ئێستا دۆست و برادەر گوێیان لەم قسانە بێت دەچن نەخت و پووخت بۆ باپیرەمی دەگێڕنەوە. دەوەڵڵا لەم ورمێیەدا کە هەمووتان لێی دەژین و وەک لەپی دەستان دەیناسن هی وایە نیوەی تەمەنی منی نییە لەسەر زگی باوکی دەلەوەڕێ کەچی هەم ژنی هەیە و لەجێی تووڵەسەگێ سێ چواردانەشی خستووەتەوەو وەک شاش لێی دەچێ، ئەوەش حاڵ و ڕۆژی من جا وەرە نەتەقی. نا، بڕواکەن ئەسڵەن وانییە. جا بەخیلی بۆ چییە، حەزی دەکرد وەک ئە پیاوە عەرەبەکان لەجێی ژنێک پێنج شەش دانەیان هەبێت و هەرجارەو لەگەڵ یەکێکیاندا خۆش دەبن و بیانغەڵەبێنەوە بەمن چی مەبەستم ئەم بەخت و نێوچاوەی خۆمەو تەواو دەنا بڵێ باپیرە من بۆتۆ گرنگ ترم یان ئەو خوێری سەگبابەی وا خودا نەبێ کەس نازانێ بیست و پێنج ساڵە لە کوێ گووی ناوەتە گۆڕی خۆیەوەو تۆپیوە. ئەسڵەن هەرکەس نازانێ کێیەشە.

- کوڕم خودا عەقڵی لێت سەندووەتەوە، شێت بووی دەنا ئینسانی ژیروتێگەیشتوو چۆن بەم شێوەیە زەمی بەندەی خودا دەکات.

- زەمی چی باپیرە من خەریکم کوڵی دڵ هەڵدەڕێژم.

حەز دەکەم ئەوەش بزانن!!! ڕاستە من ئاوا بەمشێوەیە قسە دەکەم بەڵام خوا نەخواستە من کوڕێکی چاوچنۆکی دەم ڕووت نیم هەر چاوم لەماڵی دنیا بڕیبێت یان هەر قسەیەک بە زمانما هات بیکەم. نا بڕواتان هەبێت وانییە. واش نییە بڵێم ئێستا تووڕەم ئەو قسانە دەکەم دوایی ساردبمەوە دەکەومە گو خواردن و بە نووکە نووکەوە داوای لێبوردن بکەم، نا

ئەسڵەن وانییە قەتیش وانەبووم. لەبەر ئەوەی یەک من زۆر کەم قەڵس دەبم، دووش زۆر کەم هەڵدەکەوێ ئاوا دەنگ هەڵبڕم و بمەوێ دنیا بدوێنم. هەڵبەت تووڕە بوونیش وەک زۆربەی ویستەکانی ئەم جیهانە مافی هەر ئینسانێکە. هەرچەن قەبووڵمە شەش ساڵ لەوەپێش لە زانکۆی تەورێز کاتێ دۆستەکچەکەم لێم لالووت بوو لەداخا لەگەڵ یەکێ لە ئۆستادەکانم کردمە شەڕ و داخی چیم لەزگدا بوو بەوم ڕشت. قەتیش داوای لێبوردنم لێ نەکرد. ئەوانیش بۆئەوەی تۆڵەی خۆیانم لێ بکەنەوە زەنگیان بۆباپیرەم لێدا هەتا بێتوو قەرەبووی ئەو زەرەرانەی کاتەوە وا نەوە تاقانە شەڕانییەکەی لێیانی دابوو. داماوە لەشەرما قسەی بۆ نەدەکرا جگە لەوەی دانە دانەی خەسارەکانیان بۆ بژێرێ بەڵکوو ئەوانیش دڵیان بەڕحم بێت و بەگەورەیی خۆیان لە ناشی و نادانییەکەم خۆش بن.

ـ بۆ مامەی گیان وەک ئێوە دەڵێن ئێرە گەوڕە (تەوێلەیە) وا هەرکەسێ هات سەری خۆی پێدا کات. ئێرە زانکۆیە دەبێ بەرلەهەرشتێک یاساکان بپارێزرێن و ڕێزیان لێ بگیرێ نەوەک مەستی کەن و توانج لە کچە خوێندکارەکان هەڵکەن. ئەوەش بەولاوە بەربێتە ئۆستادەکەی و بەڕۆژی ڕووناک و لەبەرچاوی عالەم هەڕەشەی لێکردووە.

وستەم لەخۆم بڕیبوو، دەنگ لە داروبەردەوە بهاتایە لە من نا.

ـ دە زووکە بەڕێزم وەڵامدەوە، بۆ مامۆستاکەن وەبەر شەق دا؟

من دەتگوت سوێندم خواردبوو قڕوقاپ کەم. دوای وەرگرتنی قسەی گەواهیدەرەکان بەڕێوبەری ئازیز بەڕێزەوە پەروەندەی حەول و تێکۆشانی ئەوهەموو ساڵە قنگ دڕانەمی خستە ژێرباڵم و بە لەبزێکی خۆش و شیرینەوە بەڕێی کردینە دەرێ. دەتگوت هەتا نەهاتبووینە بەردەرگای دووکانەکە نەمزانی چیم بەسەردا هاتووە. ئیتر لەو ساتەوە بەربوومە خواردنەوەو جگەرەکێشان. دووجاریش بەهۆی قورسی سەرخۆشییەوە کە لەزەماوەندا خواردبوومەوە لە نەخۆشخانەدا کەوتم، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا قەت کەسایەتی خۆمم لە بیر نەکرد، چاکە و خراپەم هەردەم لەیاد بوو. دەمزانی دەبێ هاوڕێیەتی کام کەس بکەم و لێ کێ دوورکەومەوە. هەرچەن چاک و خراپ لە هەموو شوێنێک هەیە. وەک چۆن هەموو ئەو کەسانەی کە ڕۆژێ لەڕۆژان دەبنە چەقۆکێش یان لە شەقام و گۆڕەپانەکاندا سەرەڕێی بەخەڵکی دەگرن و لە ڕێبوارەکان قەڵس دەبن بێ هۆکار واناکەن دڵنیام هۆکارێکی بەهێزیان لەپشتەوەیە کە گەر گوێیان بۆشل کەی یان لەبنی کولەکەکەیان دەی هەمووتان بۆ ڕوون دەبێتەوە بەڵام لەبەر ئەوەی پێیان دەڵێن خەڵکی لات و لووت کەس ناوێرێ خۆی لەقەرەیان دا. دایمە وەک کەسانی دزێو و بێ بایەخ دەردەکەون کە ئەرزشی چڵە پووشێکیان نابێت. دەزانم ئێستا دەڵێن ئەم قسانە پەیوەندی چییان بە دوو خەتەوە هەیە؟ وایە دەزانم بەڵام تازە باسەکەم ورووژاندووە حەز دەکەم بەرلەوەی سەری قسەکە داهێنم کە هەرچەن شتێکی تەواو

تاکەکەسییە و پەیوەندی بە باسەکەی ئێمەشەوە نییە بەڵام هەقە بڵێم کەس نییە لەم دنیایەدا لەسەرەتاوە ویستبێتی بەدفەڕ بێت. هێندێ ڕووداو دێنە ژیانی ئینسانەکانەوە کە لەڕاستیدا نابێ ڕووبدەن لەبەر ئەوەی ڕوودانیان کارەسات نا بەڵکوو ئەوپەڕی قەباحەتە. هەر بیر لە کودەتاکەی ٢٠١٦ی تورکیا کەنەوە کە چۆن سەربازەکانیان بە ئەڵڵاهوئەکبەرەوە لەسەر شەقامەکان سەردەبڕی، جیا لەو چەن کەسەی وا لوت و گوێ کران و کابرایەکیش بە قایشی شەڵوارەکەی تی بەریان ببوو. یان کڕین و فرۆشتنی ژن وکچە کوردە ئێزیدییەکان لەلایەن دەوڵەتی ئیسلامییەوە (داعش) کە گوایا خودا لە کتێبەکەیدا بۆیانی حەڵاڵ کردووە. یان شەقەکانی ئەو نووسەرە باشوورییە لە ١٠١٧دا، ئەو مێشکەی منیش بەقورگیرێ ناوەکەیم چاک لەبیر نەماوە پیرماڵ، یەک باڵ، فەرهاد چی نازانم.. ڕووداوەکانی ئەو پەڕی کارەساتن، ئیتر ئەوندە لە مێشکی مرۆڤدا دێن و دەچن هەتا دەبن بە خوویەکی توونند و خودا نەبێ کەس نازانێ کە کەی و چۆن دەتەوێ دەریخەی؟؟!!

چما خەریکم ئەوندە دوور دەکەومەوە هەر بەهەمەنە لاتی خۆمان کەس لە ورمێدا نییە ناوی نەبیستبێت. بیست و سێ ساڵ زۆرتری نابێ بەڵام هەر کەسێ لەدەرێ دەیبینێ بە فەرسەخ لێی دوور دەکەوێتەوە. بەڵام با قومی لەو کاول بووە بخواتەوە و مەستی کات ئەو دەمە دەزانی چەندە قوربانییە. هەرچەن زۆر ئاوێتە بوونیان باپیرەم گوتەنی سەرت لە قوڕ دەنێن و لە جێگایەک دەستت بە خوێنێکدا هەردەکەن و.. ئەرێ ئەوە کەس نییە مستەکۆڵەیەکم تێ وەشێنێ و لاڵم کات. ئەوندەی نەماوە لەبەر دووچەرخە شکاوێ باسی ئەحە قرخن و فەحە چەقۆ و خلە شەمامەتان بۆ بکەم کەچۆن و کەی بوومە هاوڕێی گیانی گیانیان. بەڵام تازە سەری باسەکەم کردووەتەوە حەز دەکەم ئیزنم دەنێ هەتا بێ فڕوفێڵ و لەوپەڕی ڕاستگۆییەوە شتێکتان بۆ بدرکێنم. ڕاستە زۆرجار شانم بەشانیانەوە ناوە و بەخۆشیان هەتا دوواهەمین پێکم لەگەڵیاندا هەڵداوە و خواردوومەتەوە و سەرمان بەهەموو کون و کەلەبەرێکی ئەم شارەدا کردووە بەڵام قەت ڕۆژێ لەڕۆژان ئامادە نەبووم و نابم بۆ دڵخۆشی ئەوان لە ڕیشی باپیرەم کەمەوە و لە سمێڵی بنێم. ڕاستە زووزوو لەیەکتری هەڵدەبەزینەوە و دەنگمان هەتا ئەولای جیران دووکانەکانی تریشمان دەچێ بەڵام بەرلەهەرشتێک ئەو پیرەپیاوە پشتچەماوە سەرسپییە باپیرەمە، لەوەتەی فامم کردووەتەوە قەت نەیهێشتووە بێ دایک و باوکیم پێوە دیار بێت. ئەوندە نووکە دەرزییەک چییە تەماحی تێم نەکردووە ڕۆژێ لەڕۆژان بۆماڵی دنیا بمداتە دەست یەکێ لەو سەرکرێکارانەی وا کۆتایی حەوتانە دێنە بازاڕەکان و بۆ پیاو دەخولێنەوە هەتا بیانبەن بۆ حەمباڵی. بەپێچەوانەوە دایمە دەیدواندم و هانی دەدام دەرسەکانم بخوینم و دەیگوت:" ها کوڕەکەی من دەبێ ببی بە دوکتۆر و مۆهەندیس. "

بەڕاستی پیاوێکی زۆر گەورەیە هەرچەن من زۆربەی خۆزگە و خەونەکانیم بە قوڕدا برد بەڵام ئەو لێم هیوا بڕوا نەبوو دایمە شتێکی دەدۆزیەوە هەتا دڵنەواتم بداتەوە:" بەس نییە لەشت ساغ و سلامەتە ئەوە ناکارێکی تر." دەستی لە سینگی دەکوتا، دەیگوت:" لەش ساغی سامان و گەنجی دنیایە."

نازانم چما ئێستا ئاوا کەوتوومەتە بیر ئەو شتانە؟ بەڵام دڵنیام ئەو کچە وای لەگەڵم نەکردایە و لێم زیز نەبوایە منیش ئاوا خۆم لە کەریتی نەدەدا. بۆ سەلماندی عەسقەکەم هەتا قورقوڕانچکە نەمدەخواردەوەو ئەو داماوەشم نەدەدا بەرشەپ.. شێوەیەم لەبەرچاوە. خریلانەیەکی سەرتاسبوو، کە دایمە چاویلکە سپییەکامی لە تەوقی سەری دەنا. مڕوومۆچ دیار بوو بەڵام ئەو ماوەیەی من لەوێ بووم و لەبەر دەستی دەمخوێند قەت نەمدی وەک زۆربەی ئۆستادە پیاوەکانمان خوێندکارە کوڕەکانی خۆی بشکێنێتەوە یان بەدەم کچەکانەوە پێکەنێ. ئەو ڕۆژەش مەبەستی لە پەلکێش کردنم لە پۆلەکەدا ئەوە بوو هەتا بمباتە دەرێ بەڵکوو تۆزێ پشوو دەم و مەستیەکەم نەما بگەڕێمەوە. هەمووی خەتای خۆم بوو لەجیاتی ئەوەی سپاسی کەم بۆ خەمخۆریەکەی بۆی گەڕامەوەو لایەک لەلاچاوم هێنا خوارێ و لوتم کردبوو بەخوێن بەوەش نەوەستابوومەوە دەنگم هەڵبڕیبوو و دەمگوت:"سەگباب ڕۆژێکم مابێت بۆ تۆیە، من لە ژوورەکە دەخەیتە دەرێ، من؟" دەتگوت بڕیارم دابوو هەتا پارچە پارچەی نەکەم وازی لێ نەهێنم. ئێستا کەبیری لێ دەکەمەوە لەهەموو کاتەکانی تر زۆرتر خۆم بە قەرزاری دەزانم و لەبەرانبەر ئەو هەموو گەورەییەدا هەست بەشەرمەزاری دەکەم.هی کێ؟ کاووس ئاغای باپیرەم کە تووشی چیم نەکرد. بەڵام ئەو قەت نەیدەدا ڕووم و هەر دەیگوت منالی باگەورە بیت ئەو کاتە تێ دەگەی. بە دەنگی سەرم هەڵدەبڕم، دوو هەنگاو لەولای منەوە لەسەر جەواڵە کۆنەکەی سووچی دووکانەکە هەڵترووشکاوە خەریکی ناوچەی کەوشێکی ژنانەی سوور بزمارڕێژ دەکات:"ئاخر کوڕم بەو دەعبایە چاووچڕی خۆت کوێر و خراپ دەکەی؟"

مەبەستی گوشیەکەمە، بەڵام چی بکەم ئەوانەی خۆیان گوشیان بێت لێم تێ دەگەن شتەکە بەوشێوەیەیە کەچوویتە نێویەوە حەزناکەی هەتا چەن ساعەتی تر لێی بێیتە دەرێ جا بەتایبەت گەر ئەم چات و شتانەش بێت:" خەمت نەبێ زانیم جۆرێکە زوو دەچم بۆلای دوکتۆر هەتا چاویلکەم بۆبنووسێ."

بەدەم بزە کردنەوە سەری ڕادەوەشێنێ.

هەربەڕاستی زەمانەیەکی گلاوە. ئێوە بڕوانن من لەبەر ئەو چەتیوە وام لەخۆم کرد کەچی ئەو جارێکیش بەسەرمی نەکردەوە بزانێ ماوم، مردووم لە کوێ گوو دەنیمە گۆڕی خۆمەوە ئاخر بە ناشوکری گیانم لەبەر ئەو وام کرد بەپێچەوانەوە ژمارەکەی لەسەرم داخست و ئیتر

قەت نەمتوانی گوێم لە دەنگی بێتەوە وەک ئەوەی قەت کەسێکی بەناوی منی نەناسیبێ و ڕۆژێ لەژیانیدا دەستم لەملی نەنابێ هەتا ماچی کەم. ئاخر پارک و سینەمای ئەو تەورێزە کاول بووە نەمابوو پیکەوە بەخووت بۆی نەچووبێتین.. تاقە کەسێ قنگی تێ نەکردم و دایمە بە دەورمەوە بوو و مشووری دەخواردم بەهەمەنە لات بوو. وەک برای خۆی مەرد و مەردانە پارێزگاری لێ کردم. جا بەو شان و باڵەشی بۆخۆی چاک کردووە کەس ناوێرێ خۆی لەقەرەی دا. تەنانەت ئەو ئۆتۆمبێلانەی بەلاماندا لێیدەخوڕن بەبینینی شلی دەکەنەوە و.. پێاشا سەیرم کەن بەهۆی دوو خەتەوە کە دەمەوێ بۆتانی بنووسم هەتا کەسێ بێت و من لەدەس ئەو تەڵخەکە سەگە ڕزگار کات خەریکم وەک ئەو ژنانەی لەبەر دەرگە دادەنیشن زەمی دنیاتان بۆ بکەم ئەسڵەن بە ئێمەچی بەهەمەنە لات چی دەکات و چی ناکات. ئەو کەس و کاری زۆرە بۆ ئەوەی خەمی بخۆن بەپێچەوانەی زۆربەی مناڵەکان چوار دایک و باوکی هەیە جا بە زڕیش لەبەر ئەوەی هەر دایک و باوکن و مافی ئەوەیان پێ بڕاوە هەروەختێ پێیانخۆش بوو بە نووکە شەپ لەماڵەکانی خۆیان بمانکەنە دەرێ. ئەحە و خلەش هەر دوو دایک و باوکیان هەیە. بەڵام وەک چۆن گوتم هێندێ شت کاتێ بوو بە خوو و ئاوێتەی دەمارەکانت بوو ئیتر کاری بە پەروەردەوە شتەوە نەداوە. بۆوێنە دایک و بابی خلە دەستەک کە چەن جارێ لەگەڵ بەهەمەنە لات چووینە بەردەرگای ماڵیان چاومان پێیان کەوت بەگشتی کەسانێکی بەڕێز و بەحورمەت بوون. کەسیان دایکی لەشفرۆش و باوکی عەمەلیان نییە بڵێی لەبەر ئەوانە شەڕانین.. . وابزانم لێرەدا دەبێ ئیستێک بگرم و لەوەی هەتا ئێستا گوێتان لەکەسێکی نەناس گرتووە سوپاستان کەم. هەرچەن لەوانەشە زۆربەتان هەر لەشەڕە شەپەکەی زانکۆکەوە ڕیمۆڤمتان کردبێ و لەدڵی خۆتاندا چیتان پێم نەکردبێ:" خوێڕی هیچ و پووچ هاتووە شانازی بەکارە قۆڕەکانی خۆیەوە دەکات. داڕزێی ئارق خۆری گەوادی بێ دایک و بابی حیز!!"

وایە هەموو ئەو شتانەی دەیڵێن قەبووڵمە. لەوانەیە منیش خۆم خەمە جێی ئەوان و لەڕوانگەی کەسێکی نەناسەوە لەخۆم بڕوانم لەوە خراپتریش بڵێم. ڕاستە هەموو ئەو شتانە دەکەم بەڵام قەت لە ژیانما تەماحی ماڵی دنیام نەبووە و بۆ تمەنێکی تڕن خۆم نەفرۆشتووە. خەیانەتیشم لەکەس نەکردووەو هاوڕێ و تەنانەت کەسیشم بەگرت نەداوە. گەر ڕۆژێ لەرۆژانیش دەستم لە قدی ئافرەتێ ناوە، جلەکانیم پێ داکەندووە هەتا لەگەڵیدا ئاوێتە بم ویستی خۆشی تێدا بووە و قەت تێ نەکۆشاوم بەزۆر پڕبای (پەلاماری) کەس بدەم. نامەوێ بەو قسانەش پاکانە بۆ خۆم بکەم. نا ئەوە دەڵێم هەتا بزانن لەخوودی هەر کەسێکدا چەندە خراپە هەیە ئەوندش چاکە بەدی دەکرێ. بەڵام داخی گرانم بەهۆی ئاکارە خراپەکانەوە ئەو لایەنە کە پێی دەڵێن چاکە ڕەش بووەتەوە. بۆ وێنە جارێ بەڕێکەوت چەقۆیەکت

هەڵگرتبێتەوە ئیتر هەتا ماوی دەبێتە تانە بەنێو چاوتەوتەوە:".. گێڕت دیبوو ئەو ڕۆژە چەۆن قەمەی هەڵدەسووڕاند."

هەڵبەت من بە عومراتم چەقۆم لە کەس دەرنەهێناوە هەرچەن دایمەش دانەیەکم پێیە، ئەوەش دیاری بەهمەنە لاتە هەتا لوسکە و هیچ و پووچەکانی پێ بترسێنین. بەڵام بە مەبەستی شەڕ قەت دەرم نەهێناوە. زامندارێکی ڕەشە. هەرچەن ئەوان زۆرجاران بێ هۆکاریش دەریانخستووەو بە قەولی خۆیان شان و ملی خەڵکیان پێ واژوو کردووە بەڵام من نا. وابزانم هەر ئەوەشە منی لەوان جیا کردووەتەوە. هەڵبەت دەبێ ئەوەش بڵێم ئێمە مەبەستم ماڵی خۆمانە لە کۆندا خەڵکی ئێرە نەبووین. باوکم فەرمانبەری بانک بوو لە خوراسان. بەڵام دوای ئەو ڕووداوە دڵتەزێنە کە دایک و بابم تیيا چوون، باپیرەو داپیرەم دەمهێنە ورمێ بۆلای خۆیان. باپیرەم دەڵێ ئەو کاتانە دایکت لە پاومانگی (ڕۆژومانگی) خۆیدا بوو. تۆیان بەهەزار بەدبەختی لە زگی ڕاکێشا دەرێ. ماوەیەک لەشووشەدا ڕایانگرتووم، هەرلەبەر ئەوەش باپیرەم ناوی قارەمانی لێمناوە، قارەمان شوکاک، شوکاک پاشناوی بنەماڵەکەمانە یانی هی باوباپیرەی باوەگەورەمە. بەڵام هەر نەمانزانی بەهۆی شووشەکەوە بوو یان لە تەسادووفەکەدا لێدانم خوارد وا قاچەکانم گۆچن، گێڕی گێر نیم ها، تەنیا وەختایەک بەڕێدا دەڕۆم کەس نەزانێ دەڵێ ئێستا نا ئێستا دەکەوم بەعەرزدا هەربۆیە زۆربەری خەڵکی گەڕەکەکەمان و ئەوانشی دەمناسن بە قارەمانە گێر بانگم دەکەن. نەک لەبەر دەمی خۆم نا بۆ چاویان دەرناهێنم بەڵام بە حیلکەحیلکەکانیان کە سەیرم دەکەن دەزانم چی دەڵێن و چی ناڵێن بەڵام دڵنیام زگماکی نییە لەبەر ئەوەی لە ماڵباتەکەماندا جگە لە من فەلەج و فلووجی ترمان نەبووە و دایمەش شوکرانەی خودا بەجێ دێنم وا کاریگەری لەسەر جەستەم نەبووەو شایی دنیا بەو ١٦٠ی خۆمەوە دەکەم و پێی دڵخۆشم. دەی چی بکەم بەخۆم نییە مرۆڤی کەڵەگەت سەرنجم ڕادەکێشێ، باڵا بەرز مەبەستمە نەک ئەو لوق لوقیانەی وا جل و بەرگ لەبەرچاوی پیاو دەخەن. داپیرەم زۆر چاک لەبیر نییە. دووساڵم تەواو نابێت دڵی لە لێدان دەکەوێ و بەجێمان دێڵێ. دێمنێ من و باپیرەم. ئەویش بۆئەوەی بەردەوام چاوی بەسەرمەوە بێت و ئارخایەن بێت باشم لەگەڵ خۆی دەمهێنێ و دەمبات لەم دووکانەدا دامدەنێ. ئیتر ئاوا بۆخۆی بەدەم کار و گۆڕانی گوتنەوە دەمکات بەم کوڕە بیست و پێنج ساڵەیەی ئێستا وا دانیشتووم و قسەتان بۆ دەکەم. سوێند دەخۆم لە ژیانما نە درۆم کردووە نەچەقۆشم لە کەس دەرکێشاوە. ئەو باسی چەقۆیەی ئەو جارەش وا ڕوویدا خەتای ئەحە قرخن بوو گەر بەزۆر نەیکردبایەتە شەڕوچەقۆکەیان لەدەست فڕێنەدایە من نەدەچووم هەڵیبگرمەوە هەتا قسە بکەوێتە دەم دووزمان و فەسادەکان و بیبەن دوو ئەوندەی تریشی پێوە بنێن وبگاتەوە گوێی باپیرەم، کە گوایە قارەمانی نەوەی وەستا کاووس ئاغای پینەچی لە دووکانی باڵندەفرۆشەکان چەقۆی لە بابەیەک دەهێناوە و کوناو دیوی کردووە. جا ئەو

داماوەش بە لەرزەلەرزەوە پڕ بداتە گۆچانەکەی و حەحححححح هەتا ئەویّ گیر نەبیّ:"ئەریّ ئەوە بەدەمتەوە گرتووە، مەگەر خودا غەزەبی لێت گرتووە. بۆ وادەکەی؟ ئەوە لە دانیشگاکەت وتم دەبی بە مرۆ، ئەوەش لە ئێستات خەریکی ئابروو و ناموسم دەبەی. دە بەزەیت بەم ڕیشە سپییەمدا بێتەوە"

ـ بەخودا باپیرە من هیچ نەکردووە، ئەحە و ئەوان دەزانن.

ـ دەڵێن ڕێوی کێت شایەدە دەڵێ کلکم!!.

ـ باپیرە

هەرچەن مناڵەکان پشتیان بەرنەدام، هەتا ماڵێ لەگەڵمان هاتن و بۆم پاڕانەوە. بەڵام باپیرە بڕیاری خۆی دابوو:"لەمە بەدواوە دێیتە لای خۆم، خودام بەو خودایە دەچیتە دەریّ."

ـ باپیرە من وپینەچێتی؟

ـ وتم ئاغایەتی، پێی ڕازی نەبووی. ئێستا کردووتە بەو قینەوە دەبیّ بێیتە لای خۆم.

ـ باپیرە نا.

ـ ئەی گەر من سبەی بمرم، چۆن خۆت بەخێو دەکەی؟ خۆ وانابیّ دەبیّ شتێک بزانی.

ـ باپیرە.

ـ بڕاوە.

هەرچەن سەرەتا بۆم ناخۆش بوو، بەڵام لەودەمەوەی لەوێم تۆزیّ زۆرنا، هەر تۆزیّ حەزم لێکردووە. دەڵێی یەکەمجارە کەوش بەدەستمەوە دەگرم بنەکەی دەدوورمەوە. ماوەیەکە بیرۆکەیەک بە مێشکمدا هاتووە کە ئەوەش لەم جیهانی مەجازییە دەزانم ئەوندە بانگەواز و پڕوپاگەندەی ڕەنگاڵە بڵاو دەکاتەوە پیاو بەخۆی نییە ئاشقی نەبێت:" هەرماوەیەکە دوای ئەوە ئەوە سەیر کە ئەوندەمان کڕیار دەبیّ مەگەر خودا بزانیّ. دووکانەکە نایکێشیّ لەبەر هاتووچۆی خەڵک. بەڵام دەبیّ بەرلەوەی خەڵکی بهێنینە ئێرە دەستێکی پێدا بێنن وداروديوارەکەشی سپی کەینەوە. لەبەر ئەوەی ئاوا نابێت. ئەو دەرگە ڕزیوە کۆنە چییە دەبیّ بیگۆڕین. دەبیّ هەموو شتێکی تازە کەینەوە."

ـ کوڕم کارت بەوانەوە نەدابێت. ئەمەمان لیّ زیادیشە.

ئیتر نازانم چۆن شێت نابم. یەک بەخۆم دەنەڕێنم:" باپیرە نەکا دەتەویّ هەتا ماوم لەنێو ئەم بۆگەن و بۆسارەدا کاسم کەی؟ ئەریّ تۆ قەت منت پیّ پیاو نەبووە بۆیە، بڕوات پێم نییە."

ـ چما زارۆ تۆ نابینی و نابیسی، کەی دووکانداریت کردووە؟

ـ ئەی چۆن ئەو خەڵکە دەیکەن.

ـ ئەی لەنیوەی ڕێگا پەشیمان بوویتەوە، وێلت کرد و منیشت لە نان و ڕۆژوو خست ئەو دەم چی بکەم، ڕوو..

نەمهێشت قسەکەی تەواو کات، ئەوندەم پێ گوتەوە هەتا ڕازیبوو. دەمەوێ دەسکارییەکی تەواوی بکەین. یانی مەبەستم ئەوەیە بنمیچەدارەکەی لابەین و ئالْماتۆڕی خەین. دیوارەکانیشی ڕەنگێکی درەوشاوەی لێدەین لەگەڵ جەوی کارەکەدا بێتەوە. عەرزەکەشی هەر خۆڵە دەبێ کاشی کاری یان مووزایکی کەین. ئەمجار نۆرە دەگاتە دەرگەکەی کە دەبێ حەتمەن شووشەبەند بێت. بەکوردیەکەی دەبێ ئەم دووکانە بکووژین و لەجێی ئەوە شتێکی جوانتر سازکەینەوە. چوونکا کەوش فرۆشی تریش لەم شوێنەدا نییە ئیتر هەتا چەن مانگی تر نانمان دەکەوێتە ڕۆنەوە. مشتەریشمان زۆر بوو دەتوانین یەک دوو لەو منالانەی وا لە شەقامەکاندا وێڵن بگرین هەتا بێن و یاریەدەمان دەن. باشن دووکانەکەمان بۆ خاوێن دەکەنەوە، چامان بۆ ساز دەکەن و تەنانەت ئەودەمانەی خۆمان لێرە نابین مشتەری بەرێ دەکەن. بەس سەرەتا دەبێ ئەوانیش دەستێ بەسەروگوێلاکی خۆیاندا بێنن و ئەو شاڵوار و پانتۆڵە شڕانەیان فڕێدەن. لەگەڵ کڕیارەکانیشدا دەم بەخەندە وقسەخۆش و هاوڕێیانە بێت. بەس خۆزگە کێشە هەر ئەوانە بوونایە، ماومەتەوە چۆن باپیرەم ڕازی کەم هەتا واز لەو دووچەرخە شکاوەی بەردەم دەرگەکە بێنێ.

ـ نابێ کوڕم، فام کە نابێ بزانە نامخەیتە ئاگری جەهەننەمەوە.

ـ باپیرە ئاگری چی؟ مەگەر ئێمە دەمانەوێ چی بکەی.

ـ من کارم بەوانەوە نەداوە. کەس بۆی نییە دەست لەو دووچەرخەیە بدات هەتا خاوەنەکەی نەگەڕێتەوە.

دەزانم ئێستا ماندوو بوون. بەڵام گەر سەبرتان هەبێت دوای ئەم چایەم کە بەم بانگی شێوانەیە بۆخۆمم داناوە و دەمەوێ لەنێو ئەم کەوشانەدا بیخۆمەوە باسی ئەو پیاوە چاوشینە سووروهولەتان بۆ دەکەم وا دوانیوەڕۆیەکی هاوینێ بەخۆی و دووچەخەرکەیەوە هاتبووە بەردەرگای دووکانەی باپیرەم. دوای چاک و خۆشییەکی گەرم وگوڕ ئەسپاردەی باپیرەمی دەکات هەتا دەچێتە شوێنێک و دێتەوە چاوی بەسەریەوە بێت. کەچی دەڕوات و ببڕاوبڕا ئەو پیاوە بەوشوێنەدا نایاتەوە. باپیرەی داماوشم لە خەمی ئەوەی کابراکە بگەڕێتەوە و ئەو لەوێ نەبێت نان و ئاو لەخۆی حەرام دەکات. هەتا مانگێ شەوانە هەر لە دووکان دەماوە و نان و خواردن و نوێژ وڕۆژووەکەشی هەرلەوێ دەکردەوە. هەتا ڕۆژێک داپیرەم نێوچاوی

خۆی لێ گرژ دەکات و پێی دەڵێ کە گەر بێت و ئەمجار بەشەودا نەگەڕێتەوە بۆ ماڵەکەی خۆی من هەڵدەگرێ و دەچی بۆ شوێنێ کە قەت دەستی پێمان نەگات. ئیتر بەو قسەیە باپیرە لەکەلی شەیتان دێتە خوارێ و واز لەدووچەرخەکە دێنێ و وەک جاری جاران سەرلەئێواران بۆ ماڵێ دەچێتەوە. بەڵام بۆ ئەوەی دڵی خاوەنەکەی لەخۆی خاوێن ڕاگرتبێت و سبەی خەڵکی بازاڕەکەش لێی نەکەنە قڕە بڵێن کاووس ئاغای پینەچی ماڵی خەڵکی خواردووە بە زنجیرێ دووچەرخەکە بە دەرگەکەوە قوفڵ دەکات هەتا کاتێ خاوەنەکەی هاتەوە چاوەڕێی کات یان بێت لێیبوێتەوە قوفڵی زنجیرەکەی بۆ بکاتەوە بڕوات:"دەی کێ ناڵێ چەن هەنگاوێ ئەولاتر لەناکاو سەری سووڕی خواردووەو بەلادا کەوتووە. یان ئۆتۆمبێلێک لە ژێڵدا هاتووەو خۆی پێدا کێشاوە وپانی کردووەتەوە."

- کوڕم ماڵی خەڵکی حەرامە، با مردبێتیش. ئاگری جەهەننەم چەتوونە. لەوێ ئازای لەشی ئینسان زمان دەگرێ و دانە دانە دەگێڕنەوە. عومرێ بەسەر بەرزی ژیاوم. بە چنگە کرێ کارم کردووە. نەمهێشتووە ئەوندە چییە ماڵی حەرام بیتە ماڵەکەمەوە. ئەمڕۆ دنیای ڕوونت لێوە دیارە سبەی گۆڕوقیامەتە.

- باپیرەی گیان، خۆ نامانەوێ دزی بکەین. هەرئێستا دەچم دەیدەم بە کابرای تەنەکەچی و پارەکەشی بۆ دەکەین بەخێر و تەواو.

- پیاوەتی بەئاوی حەمامەوە دەکەی؟

- ئەی نابێ سبەی لە ڕوومان هەڵێت دووکانەکەمان بکەینەوە. خۆ ئیشەڵڵا بەتەما نیت ئەو ڕزیوە بە درگە شووشەبەندە تازەکەیەوە هەڵواسی.

- بۆ ئەو دووچەرخەیە بووە بە..

ئۆف بەڕاستی قۆڕە، بۆبانگەوازێ دەبێت چەن ساعەت دەست و چاو وگوێت بنێیتە خزمەتی موبایلەکەت بەڵکوو بەهەرشێوەیەک بووە سەرنووسەرێ ڕازی بکەی هەتا لەسووچێکی بچووکی کاناڵەکەیدا چووزانم ڕۆژنامەکەیدا داواکەت بڵاو بکاتەوە. تازە چارەم نییە بڕیارێکە وداومە. تەنانەت گەر ناچار بم لەگەڵ سەرنووسەرەکانی هەموو ڕۆژنامەکانی چوارپارچەی کوردستاندا قسەم کردبێت.

شانازجەوانشیر



📷 سورەیا عەلیپەناهی

**«برین»**

سەعات چوار چووم بۆ ئیش. لە شەش پەنجە گەورەی دەستی ڕاستم سووتا. لە نۆ ئیشم تەواو بوو. لە دە گەشتمەوە ماڵ؛ دایە دایە دایـــــە! دایە لە ماڵ نییە! دەس و دەمم شۆرد. 'من تەنیام'. پاڵکەوتم. چاوم داخســـت. خاوبوومەوە. دەنگی تۆپ و کلاشـــینکۆف، بۆنی باروووت! سوتاوی دەستمیان بیر بردمەوە.

ئارام سەمین

# بەتامی چیرۆک

**ئێحسان/ ئیلام:**

کەسێ خەوەر نەیرێ خودا چۆنە. ئەسڵ زینگە؟ شایەد هە مردۆ ک تازگیەیل جواو کەسێگ نیەی. هادەی هە توورپاق دەی بەشەر بێخەیر و بەیرە، دەی بەشەر بێ چەم و ڕۆە، دەی ژیانەیل بێسەمەرە... کەسێ خوو نیەزانێ شێوەی چۆنە. کوڵە، دریژە، چاخە، لەڕە؛ ئەسڵ کیە؟

خودا ئەر عەکسێ دە خوەی کل بکردا شایەد شێوەی کـۆخای مهرەبانێگ باشتا ک ڕیش بڵێن سفیدێ داشت و پڕ جیو شەواڵجافیەی نوقڵ باتا و وە تەمسق دەی بیا زاڕوو هۆردەیل یا گەر زاڕوو نەمەزرپاگێ باتا؛ نەمەزریا و ئێ ژیانەێل پڕ دە ژانە هاوردەو عەمەڵ. شایەد پیاگێ باتا شەکەت دە سەر کارەو هاتۆگ و خوسەی دڵێ وە سەر مەردمە برشانا... مەر چە ژنێ بوو خاون بڕێ مناڵ وە دەسەیل پاسرکیاگ!

هەرکەس خودای خوەی یەی جوور دۆنێ و وینەی کەی؛ ئەمان خودای م کەیوانوێگە ک هەر دو دەسێ گرتگسە خنیە، گوپەیل قرمز، دو گیس تەنـک سفێد ک چنیەسان دە هەر دو لاوا. خەنگ ڕۆ لچێ پاکەو نەۆە هێمان. پڕ چەمەیلێ ئەسرەو بیە؛ هەم خەنێ...

وە قەوڵ بڕێ، دڵ دە زاڕوەیلێ وە مردۆ هەم نیەکەنێ.

خودای م خودای ڕێۆنەرم خوەشێگە. خودای م خودای خۆن شیرینێگە. هەرکەس خودای خوەی یەی جوور دۆنێ...

## ساردین:

لە ساڵەکانی ٦٠ی هەتاویدا، کاحەمەدەمین خەڵکی قەڵای ڕەسووڵەسیتی چۆمی مەجیدخان، بە کوڕەکەی دەڵێ: ئەرێ ڕۆڵە ئەو ڕەشاییەی لەسەر کێوی ساریباباوە دیارە، بەشەرن؟

کوڕەکەی دەڵێ: نەوەڵڵا بابە پاستاڕن!

## کەماڵ ڕەحمانی:

حەمەدی خدری، ڕدێنسپی و قسەخۆشی دێ دەبێ، نازانم چۆن وا ڕێک دەکەوێ تووشی چوونەبەر گاڕان دەبێ. ئاغای دێ کە بەمە دەزانێ، بۆ ئەوەی بڕێکی گاڵتە و قومار پێ بکا، ئێوارەکەی دەچێتە سەر ڕێی گاڕانێ. کە کاک حەمەد دەگاتە کنی دەڵێ: حەمەد ماندوو نەبیەوە، ئەرێ چوونەبەر گاڕان خۆشە یان نا؟

ـ ناوەڵا!

ـ لەبەر چی؟

ـ وەڵا هەر کەرەی ئاغایەکە بۆ خۆی.

## هیوا فەتحیان:

خەزوورەم بۆی گێڕامەوە:

لە ئاواییی ئێمە، پیاوێک مێخزنجیرێکی دزیبوو و پیانزانیبوو بۆیە خاوەنەکەی یەخەی کابرای گرتبوو و داوای مێخزنجیرەکەی خۆی کردبوو؛

ـ کاکە وەڵا بیلا تەڵڵا من نەمدزیە!

ـ بە خوا کاری تۆیە! پیان وتووم کاری تۆیە، زوو بڕۆ بۆم بێرا.

کابرا بە ناچار تەسلیم بوو و بانگی لە خۆشکەکەی کرد و وتی: خاتوون، ئەو مێخزنجیرە ناو کولانەکەیە بۆیان بێنە، خۆ ئەمانە باوەڕ بە خوا و پێغەمبەر ناکەن!

## سابیر:

بابم کوتی؛ دیوەخانەکن هەبوو باپیرم چووبوو لولەی سۆبەی ڕاست دەلای شەماڵی کردبوو. جارەکی مام حەوڵا میوانن بوو، بای دەهات دوکەڵی سۆبەی تەپاڵان تێی دەکردەوە. لەتاوان چووینە دەرێ. شەقە شەقی دەدانی مام حەوڵای ڕێیە ڕۆژەکی دەرۆیشت؛ کوتم: ئەوە مام حەوڵا هێندەت سەرمایە؟

کوتی: کورە نەوەڵڵا سەرمام نییە هەر چەند دەکەم دەدانم ناسرەوێن!

## ئێحسان/ ئیلام:

چوار خوەندەکار ڕووژەیل کوتایی هەفتە چینە ویلای ئێلاخیێگ. فرە وە پێیان خوەش گوزەیشت، چەن رووژتریش لەورە مەنسن و وە ئازموون میدترم نەرەسین. هنای هاتنەو، وەتنە مامۆستا: "لە ڕێ هەڵگەردیانەو، چەرخ ماشینەگەمان پەنچەر بۆ. چەن رووژ چێ تا کەسێ بایدە میەتمان. وەی مدووە نەتۆەنسیم لە ئازموون بەشداری بکەیمن". مامۆستا سێ رووژ وەپێیان وەخت دا تا خوەیان ئامادە بکەن. ئەوانیش وە لۆتبەرزی و سەرخوەشی چین تا سێ رووژ تر.

لە ڕووژ ئازموون دوێم، مامۆستا هەر کامیان لە ئوتاقێ دانیشان و بەرگەیگ دا وە پێیان. لە ڕۆ هەر بەرگەیگ تەنیا یەی پرسیار نۆسیاۆد: " کام چەرخ ماشینەگەتان پەنچەر بۆ؟ "

وشەنامە:

خوەندەکار: دانشجو ـ کوتایی: پایانی ـ ئێلاخی: ییلاقی ـ میدترم: میانترم ـ هەڵگەردیان: برگشت ـ میەت: یاری ـ مدوو: دلیل ـ بەشداری کردن: شرکت کردن ـ لۆتبەرزی: غرور، تکبر ـ پرسیار: پرسش

- سەرچاوەی ستوونی "بەتامی چیرۆک: "کاناڵی تێلێگرامی "با قسەی خۆش ون نەبێ"

